

گەلۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی...

٤



یادێک لە ٧ تێکۆشەری دێموکرات

٥



ورمێ و بەریانە...

٨



ئێران، سووریە و کۆنفرانسی...

٩



ئەوەی کە هەر ئێرانییەک...

١٠

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـــانی کۆمیتەی نـــاوەنـــدیی حیزبی دێمـــوکراتی کوردستـــــــانی ئێـــران

ژمارە ٦١٥، سێشەممە، ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٢، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە**

٢ ⟸

# یارسانەکان قوربانیی وادەکانی ڕووحانی

لە کاتێکدا کە بڕیار بوو پێڕەوانی ئایینی یاری، لە بەرامبەر مەجلیسی شورای ئیسلامیی ڕێژیم لەهەمبەر پێشێلکردنی مافەکانیان کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایی بەڕێوە ببەن، پێش لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوە، زیاتر لە ٣٠ شارۆمەندی یارسانی لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کران.

بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی ڕەزبەر دوابەدوای بانگهێشتی "کۆڕی ڕاوێژکاریی چالاکانی مەدەنی یارسان" لەسەر بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی پێڕەوانی ئایینی یاری لە بەرامبەر مەجلیسدا کە لە ئەنجامی سووکایەتی کردن بە ئایینی یاری و خۆسووتاندنی چەند کەس لە پێڕەوانی ئەم ئایینە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر پێشیلکردنی بەربڵاوی مافەکانیان بە ئەنجام گەیشت، ڕێژەیەکی زۆر لە شارۆمەندانی ئەم ئایینە لە شارەکانی کرماشان، ئیلام و قەزوین خۆیان گەیاندە تاران.

سەرچاوەیەکی ئاگادار وێڕای پشتڕاستکردنەوەی دەستبەسەرکرانی شارۆمەندانی یارسان ڕایگەیاند:" ئەم کەسانە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە شەقامەکان و میترۆکانی سەر ڕێگای مەجلیسی ڕێژیم دەستبەسەر کراون."

دوو کەس لە برایانی "نیکمەرد تاهیری" کە پازدەیەمی جۆزەردانی ئەمساڵ لە بەرامبەر گرتووخانەی هەمەدان بەنیاز بوون خۆیان بسووتێنن بە ناوەکانی "قودرەت تاهیری" و "ڕۆحوڵڵا تاهیری" لە نێو دەستبەسەرکراوەکاندان.

هەندێك لە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ڕێژەی دەستبەسەرکراوان گەیشتووەتە زیاتر لە ١٠٠ کەس. دوابەدوای دەستبەسەر کردنی ئەم کەسانە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێران، بارودۆخی بەرامبەر و دەوروبەری مەجلیس بە توندی ئەمنیەتیی کراوە.




**پەیڤ**

ناهید حسێنی

## داوەکانی مەرگ

هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراق پاش کوژرانی یەك ملیۆن کەس، ساڵی ١٣٦٧ کۆتایی پێهات. ٢٥ ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام دەرئەنجامە ڕووخێنەرەکانی، وەك مانەوە و هەڵنەگرتنەوەی مینە چێندراوەکان لە پانتایی ٦ میلیۆن هێکتاردا، بە هۆی نابەرپرسایەتی و خەمساردیی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بوونەتە بەڵای گیانی شارۆمەندانی ئێرانی و بە تایبەتی ئەو پارێزگایانەی هاوسنوورییان لەگەڵ وڵاتی عێراق هەیە، واتە کوردستان، کرمانشا، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئیلام و خوزستان. یوونیسێف، لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە سنووری عێراق و ئێران " پڕ مین ترین ناوچەی جیهانە" و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن مینی"دژە نەفەر" لەو سنوورانەدا چێندراوە. هاوسنووریی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و عێراق و هات و چۆ و سات و سەودای نێوان کوردان بە تایبەتی وەرزێر وکۆڵبەرەکان بۆ بژیوی ژیانیان لەو سنوورانەدا قوربانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە و ڕۆژانە شاهێدی تەقینەوەی ئەو مینانە و کوژران و نانبڕاوی خەڵکانی سەر سنوورەکان دەبین. ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە ئاماری مانگی ٢ی ساڵی ١٣٩١ی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ٣٢٤٢ ڕووداوی پەیوەندیدار بە تەقینەوەی مین لە ناوچە کورد نشینەکان ڕوویداوە کە ٨٠٠ قوربانیی لێکەوتۆتەوە".

لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردووشدا ٢٩ هاووڵاتیی کورد بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مینە چێندراوەکان کە ١٢ کەسیان منداڵی تەمەن ژێر ١٥ ساڵ بوون. لێرەدا پێویستە وێستەیەك بکەین، ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩١ لە گەڕەکی "مووسك دوو"ی مەریوان چەند منداڵێك دەبنە قوربانی مین و یەکێکیان ژیانی لەدەست دەدات. ساڵی ١٣٩٢، لەیلا و خەزاڵ، لە مەودای ١٠ میتریی ماڵەکەی خۆیاندا نارنجۆکێکی دەستی دەبیننەوە و هەردووکیان دەبنە قوربانی و..هتد. لە تازە ترین هەواڵیشدا ڕۆژی ٢٦ی ڕەزبەر، لە گوندی "نشکاش"ی سەر بە شاری مەریوان، ٧ منداڵی تەمەن ٨ هەتا ١٠ ساڵان بوونە قوربانیی تەقینەوەی مین و "گەشین"ی بچکۆلانە لاقێکی خۆی لەدەست دا و دیکەی منداڵەکانیش بە توندی بریندار بوون. کوژران و کەمئەندامبوونی هاووڵاتیانی کورد لە حاڵێکدا بەردەوامە کە ڕۆژ نییە پرۆتۆکۆلێك و پەیماننامەیەك بۆ بەرگری کردن لە شارۆمەندانی سڤیل واژۆ نەکرێت، کەچی کۆمەڵگای جیهانی و ناوەندە بڕیاردەرەکان لە ئاستی نەتەوەی کورد و منداڵەکانی بێدەنگن.

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری ئاگربەستی کاتی لە سووریەدایە



لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی خەڵکی سیڤیل لە ناوچە دەوروبەرییەکانی پێتەختی سووریە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری پێکهێنانی "تێپەڕگەیەکی ئەمن" بۆ هێزە یارمەتیگەیەنەکان بووە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە هێزە دەوڵەتی و ئیسلامگەرا توندڕەوەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری دەمیشق، بە تایبەتی لە ناوچەی "موعەزەمییە" هێشتا درێژە بە خوێنڕشتن دەدەن. لەم نێوانەدا قوربانیانی سەرەکی خەڵکانی ئاسایی و سیڤیلن کە لە نێو گرووپە شەڕکەرەکاندا گیریان خواردوە. بە وتەی والێری ئامووس، پلەبەرزترین کاربەدەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە حەوتووی ڕابردوودا نزیك بە سێ هەزار کەس لە دانیشتوانی ناوچەی موعەزەمییە لە دەوروبەری دەمیشق بۆ ناوچەکانی دیکە ڕاگوێزراون. برسیەتی هەڕەشەیەکی جیددیە بۆ سەر گیان و ژیانی ئەم کەسانە و ژمارەیەکیشیان تووشی نەخۆشیگەلێك بە هۆی کەمخۆراکی بوون و ئازار دەکێشێن.

بەشێکی بەرچاوی ناوچەی موعەزەمییە لە کونترۆلی هێزە شۆڕشییەکاندایە. هێزە دەوڵەتییەکان لە مانگی ئاوریلەوە (بانەمەڕ ) ئەم ناوچەیان گەمارۆ داوە و لەم نێوانەدا هێزە یارمەتیگەیەنەکان توانای دەستپێڕاگەیشتن بەم ناوچانەیان نییە. موعەزەمییە یەکێ لەو ناچانەیە کە کەوتووەتە بەر پەلاماری هێرشی چەکی شیمیایی. خاتوو ئامووس لە ڕاگەیەنراوێکدا داوای لە هێزە شەڕکەرەکانی سووریە کردووە کە بە ئاگربەستێکی کاتی، دەرەتانی گەیاندنی یارمەتی بۆ دانیشتوانی موعەزەمییە و ڕاگواستنی ئەوان بۆ ناوچەکانی دیکە دابین بکەن.

## سەرکوتی ناڕازیانی دابەشکردنی پارێزگای هۆرمۆزگان

هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، ئێوارەی هەینی ٢٦ی ڕەزبەر بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانی ناڕازیان لە شاری بەندەرعەبباس دەستیان دایە تەقەی هەوایی.

بەپێی ڕاپۆرتی سایتی "کەمپەینی ئاشتی چالاکان لە تەبعید"دا دوازدەهەمین ڕۆژی ناڕەزایەتی خەڵکی بەندەرعەبباس لەهەمبەر خستنەسەری بەشێك لە پارێزگای هۆرمۆزگان بۆ سەر پارێزگای فارس، دژکردەوەی پۆلیس و تەقەی هەوایی لێکەوتەوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، هێرش بۆ سەر خەڵکی ناڕازی تەنیا کاتژمێرێك پاش دوامۆڵەتی غولامعەلی نەعیمئابادی، نوێنەری خامنەیی لە بەندەر عەبباسدا لە پێوەندی لەگەڵ کۆتایی هێنان بە کۆبوونەوە ناڕەزاییەکان، ڕووی دا.

هێرشی پۆلیس بۆ بڵاوەپێکردنی ناڕازیان لەگەڵ تەقەی هەوایی ئاوێتە بوو، بەشێوەیەك کە تەنانەت گرووپێ لە خەڵك کە لە نێو مەزارگەی "ئیمامزادە سەید موزەفەر" کۆببوونەوە، بە هۆی تێکهەڵچوون بۆ ماوەیەك ئیزنی چوونەدەرەوەیان پێ نەدرا.

پێشتریش خەڵکی ناڕازیی بەندەرعەبباس بە کۆبوونەوە لە بەرامبەر ڕێکخراوی دەنگ ورەنگی هۆرمۆزگاندا، بە دانی دروشمگەلێ خوازیاری بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕەزایەتییەکان بوون. لە کاتی ڕاگەیاندنی فەرمیی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ناوچەگەلێ لە شارستانی پارسیانی پارێزگای هۆرمۆزگان و پەیوەستبوونی بە پارێزگای فارس، ناڕازیانی پارێزگای هۆرمۆزگان بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەگەلێ دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیە دەربڕیوە.

شایانی باسە کە پارێزگای "فارس" هیچ ڕێگەیەکی بۆ دەریای ئازاد نییە و وا دێتە بەرچاو کە دەوڵەتی ڕووحانی لەگەڵ دابەشکردنی هۆرمۆزگان و پەیوەستکردنی شارستانی "گاوبەندی" کە ڕێژیم ناوەکەی بۆ "پارسیان" گۆڕابوو، بە نیازە ڕێگەیەك بۆ پارێزگای "فارس" بۆ دەریا بکاتەوە.

## دەقی ڕاگەیەندراوی د. پیتێر پیلتز ئەندام پارلمانی ئوتریش، سەبارەت بە هاتنی سەحراڕوودی بۆ ژنێڤ



محەممەد جەعفەری سەحراڕوودی، بۆ بەشداری لە کۆنفڕانسی یەکیەتیی نێونەتەوەیی پارلمانتاران، هاتووە بۆ ژنێڤ.

لە ڕێکەوتی ٢٢ی ژووڵای ١٩٨٩ی زایینییەوە فەرمانی گرتنی نێونەتەوەیی بۆ سەحراڕوودی دەرچووە. فەرمانەکە هی ڤییەنە! سەحراڕوودی بەرپرسی تیمێکی سێ کەسی بوو کە تاوانبارن لە١٣ی ژووڵای ١٩٨٩ سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوو کوردی دیکەیان لە ڤییەن تیرۆر کردووە. سەحراڕوودی کە بریندار کرابوو، دواتر دەستبەسەرکرا. بە هاوئاهەنگیەکی کەم وێنەی نێوان وەزیری داد، وەزیری دەرەوە و دەبیری یەکەمی وەزارەتی دەرەوە و هەروەها وەزیری ناوخۆی ئوتریش توانرا ئەو تاوانبارە دەرباز بکرێت! چەندین ڕۆژە پۆلیسی ڤییەن و ژنێڤ ئاگادارن کە تاوانبار سەحراڕوودی لە ژنێفە. پۆلیسی سویس پێوەندییان بە پۆلیسی ئوتریشەوە کردبوو و داوای زانیارییان سەبارەت بە بڕیاری دەستبەسەرکردنی نێونەتەوەیی بو سەحراڕوودی کردبوو. پۆلیسی ئوتریش لە وڵامدا موعتەبەر بوونی بڕیارەکەی سەلماندبوو! سەحراڕوودی هیچ مەسوونیەتێکی دیپلوماتیکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بە ئازادی ماوەتەوە! دیسان لە نێوان وەزارەتی داد، ناوخۆ و دەرەوە چی ڕوو دەدات؟! ئایا وەزیرەکان هیچ هەوڵێکیان داوە کە سەحراڕوودی دەستبەسەر بکرێت یان دیسان مەعاملەیەك کراوە؟! ئێمە بە زوویی بۆمان دەردەکەوێت کە هەر سێ وەزیری پارتی دێموکرات مەسیحی بە چ شێوەیەك پاش ٢٤ ساڵ لەگەڵ ئەو تیرۆرە سیاسییەی لە ناوەڕاستی ڤییەندا ڕووی دا هەڵسوکەوت دەکەن و ئایا ئەوەیان بو گرینگە کە تاوانبارەکە بدرێتە دەستی یاسا، یا دەیانەوێ دیسان دڵی ڕێژیمی ئێران ڕاگرن!

## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە

پەیڕەوانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام!
هاونیشتمانانی بەڕێز!
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵی حەج و هاتنی جێژنی قوربان پیرۆزبایی گەرمی خۆم ئاراستەی هەموو موسلمانانی جیهان و ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەکەم و هیوای ئەوە دەخوازم کە ڕۆژانی جێژنیش بۆ هەموو لایەك بە شادی و خۆشی تێپەڕ بێت. ئەو جێژن و بۆنانە لە هەر ڕوانگەیەکەوە کە سەیری بکەین دەرفەتێکیشن بۆ لەیەك نزیك بوونەوەی کۆمەڵانی خەڵك و سڕینەوەی تۆزی ناکۆکی لەسەر دڵان و یەکگرتویی زیاتری خەڵك کە هۆی سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگا و تەبایی گەلان بن. هیوادارم هەموو ڕۆژانی ژیانتان جێژن و شادی بێ و جێژنی قوربانی ئەمساڵیشتان پیرۆز بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مستەفا هیجری
٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی کاروباری حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٧ی ئوکتوبری ٢٠١٣ی زایینی، شاندێکی مەجلسی ئێران بۆ بەشداری لە کۆنفڕانسی ڕێکخراوی یەکیەتیی نێونەتەوەیی پارلمانتاران گەیشتنە شاری ژنێڤ. دوابەدوای گەیشتنی شاندی ئێران، ئاگادار کراینەوە کە ئەندامێکی ئەو شاندە، محەممەد جەعفەری سەحراڕوودی، تێروریستی کۆماری ئیسلامییە کە لە ساڵی ١٩٨٩دا وێڕای چەند تێرۆریستی دیکە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەنی پایتەختی ئوتریش شەهید کرد. پاش وەرگرتنی ئەم زانیارییە، کۆمیتەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگای نوێنەرانی حیزب لە ئوتریش و سویسدا بەدواداچوونی بو ئەم بابەتە کرد و بۆمان دەرکەوت کە سەحراڕوودی وەك ئەندامی شاندی مەجلسی ئێران بەشداری ئەو کۆنفرانسەی ژنێف دەکات! هەر پاش تێرۆری ڤییەن حوکمی گیرانی نێونەتەوەیی بۆ سەحراڕوودی و باقی تێروریستەکان لەلایەن دادستانی ڤییەنەوە دەرچووە. نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشت بەستن بەم حوکمەوە داوایان لە حکوومەتی ئوتریش و سویس کردووە کە ناوبراو لە سویس دەستبەسەر بکرێت و ڕادەستی ئوتریش بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵمان داوە کە لە زۆر وڵاتی دیکەوە و لە ڕێگای ئەندام پارلمان و سیاسەتمەدارانی دۆستمانەوە گوشار بخرێتە سەر دەوڵەتی سویس تاکوو محەممەد جەعفەری سەحراڕوودی دەستبەسەر بکرێت. هەتا کاتی نووسینی ئەم ڕاگەیاندنە هەر دوو دەوڵەتی سویس و ئوتریش هیچ هەڵوێستێکی فەرمیان نەنواندووە. ئێمە بەپێی ئەو ئەزموونانەی لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا هەمانە، بە پێویستمان زانی لە ڕێگای ئەم ڕاگەیەندراوەوە بیر و ڕای گشتی و میدیاکان بۆ گوشار خستنەسەر حکوومەتەکانی سویس و ئوتریش ئاگادار بکەینەوە تاکوو بەپێی یاسا بجووڵێنەوە و ئەم دەرفەتەش نەکەنە قوربانی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان. ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان بۆ دابینکردنی دادپەروەری خستووەتە گەڕ و بە دڵنیایی‌یەوە بەدواداچوونی تەواو بۆ بە ئاکام گەییشتنی هەوڵەکانمان دەدەین. هەر لێرەوە داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان و حکوومەتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و یەکیەتیی ئورووپا دەکەین، داوا لە حکوومەتی سویس بکەن بە پێی یاسا بجووڵێتەوە و محەممەد جەعفەری سەحراڕوودی دەستبەسەر بکات و ڕادەستی دەزگای یاسایی ئوتریشی بکات. ئێمە هەوڵ دەدەین لە داهاتووی نزیکدا زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڵاو بکەینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی وڵات
١٨ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی
١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣ی زایینی

## هاودیتنی شاندی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

دوو شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕەکان هاوفکرییان کرد

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەوە بە سەرپەرەستیی "عەبدوڵڵا موهتەدی" سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا.

دوو هەیئەت لە باس و ڕاوێژەکانی پێشوویاندا کۆمەڵێك بابەتی تازەیان لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ئێران پاش هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی و چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە بارودۆخی ناوچە و جیهان و بەستێنی هاوکارییەکانی نێوان دوو لایەنیان تاوتوێ کرد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی تا لە داهاتوودا گەڵاڵەی تایبەت بە هەرکام لە پرسەکان تاوتوێ و دەست نیشان بکەن و لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێدا لە هەر بوارێکەوە بێتە ئاراوە، هاوفکری بکەن و ڕێگای گونجاوی بۆ بگرنە بەر.

دیداری دوو هەیئەت لە کەش و هەوایەکی دۆستانە و بە پێداگری لەسەر هاوفکری و هاوکاریی زیاتر، پاش چوار کاتژمێر کۆتایی هات.

## کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ، داوای دەسبەسەر کرانی "سەحراڕوودی"ی کرد

ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ، بە هاوکاریی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی "ترایڵ" کە ڕێکخراوێکی بەدواداچوونی جینایەتکارانە لە ژنێڤ، لە نامەیەکدا بۆ دادستانی فیدراڵی سویس داوای دەستبەسەرکردنی محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی، بکوژی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کرد. محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی تێروریستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە لە ساڵی ١٩٨٩دا وێڕای چەند تێروریستی دیکە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤییەن لە پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەهید کرد، وەك ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەشداری لە ١٢٩ـەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی یەکیەتیی نێونەتەوەیی پارلمانتاران "IPU" هاتۆتە ژنێڤ. دادگای ئوتریش لە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٦٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی دسامبری ١٩٨٩ی زایینیدا، حوکمی گیرانی نێونەتەوەیی بۆ سەحراڕوودی دەرکردووە و ئەو حوکمە هەر بە کراوەیی ماوەتەوە. کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ ڕایگەیاند: هەرچەندە شانسی گرتنی سەحراڕوودی لەم کاتەدا بەهۆی هەستیاریی پێوەندییە ئابووری و دیپلۆماسییەکانی وڵاتی سویس و ئێران زۆر کەمە، بەڵام هەوڵی دەستبەسەرکردنی ناوبراو پەیامێکی توند دەبێت بۆ قاتڵانی قاسملوو کە نەتوانن بە ئاسانی سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن.

## حەوت منداڵی تەمەن ٨ هەتا ١٠ ساڵ لە مەریوان بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار بوون



بە هۆی تەقینەوەی مین لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری شاری مەریوان، ٧ منداڵی تەمەن ٨ هەتا ١٠ ساڵ بریندار بوون.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەر ٧ منداڵی خەڵکی گوندی "نشکاش"ی سەربە شاری مەریوان بەهۆی مینی بەجێماوی کۆنەپایەگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٧ منداڵی ٨ هەتا ١٠ ساڵی لەو گوندە، بەتوندی بریندار بوون و یەکێك لەو منداڵانە بە ناوی " گەشین کەریمی" لاقێکی لەدەست داوە.

هەنووکە "گەشین کەریمی" تەمەن ٨ ساڵ ڕەوانەی یەکێ لە نەخۆشخانەکانی تاران کراوە و ئەو ٦ منداڵەی دیکەش لە نەخۆشخانەی "بووعەلی"ی شاری مەریوان لە ژێر چاودێریی پزیشکیدان.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، شوێنی ڕووداوەکە کۆنە پایەگایەکی سپای پاسداران بووە و مینەکانی دەوروبەری ئەو پایەگایەش پاش زیاتر لە ١٥ ساڵ چۆڵکران، تا ئێستاش کۆ نەکراونەتەوە.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## چالاکێکی کرێکاری حوکمی ٥ مانگ زیندانی بەسەردا سەپا



کۆمیتەی هاوکاری بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاوی کردەوە، چالاکێکی کرێکاریی کورد بەناوی "وەفا قادری" لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنەوە سزای ٥ مانگ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپا. ئەو چالاکە کرێکارییە پێشتر بە تۆمەتی ئەندامەتی لە کۆمیتەی هاوکاری بۆ پێکهێنانی دامەرزاوە کرێکارییەکان و هەوڵدان لە دژی تەناهیی نەتەوەیی، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری سنەوە حوکمی یەك ساڵ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپابوو. ناوبراو هەر بەو تۆمەتەوە بۆ ماوەی یەك مانگ لە دەسبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بوو.

## هاووڵاتییەکی کورد لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بریندار کرا

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵ بەناوی "مووسا باقری" کوڕی "عیسا" و دانیشتووی گوندی "کۆلەبی"ی سەربە ناوچەی "مەرگەوەڕ" لە ورمێ، لە کاتێکدا کە بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیان رووی کردبووە سنوورەکان، بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بریندار کرا. مووسا لە سنووری "داڵامپەڕ"ی ناوچەی مەرگەوەڕ تەقەی لێ کراوە و دواتر بۆ نەخۆشخانەیەکی شاری ورمێ راگوێزراوە.

## تەقینەوەی گاز لە سەقز ٣ برینداری لێکەوتەوە

ماڵپەڕی تەسنیم بڵاوی کردەوە، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، نەشتیی گاز بووە هۆی ڕوودانی تەقینەوە لە ماڵی هاوڵاتییەکی خەڵکی شاری سەقز و لە ئەنجامدا خانووی ئەو هاووڵاتییە بە تەواوەتی تێکڕووخا و ٣ کەسیش بریندار بوون کە یەکێیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا. هەروەها سەرلە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ڕەزبەر لە شاری نەڵۆس سەربە شارستانی شنۆ، تەقینەوەی گاز خانوویەکی بە تەواوی تێکڕووخاند. ئەو تەقینەوە لە چێشتخانەی خانووەکە ڕووی دا کە بووە هۆی دارِمانی تەواوی چێشتخانەکە، بەڵام هیچ خەسارێکی گیانیی بەدواوە نەبوو.

## هەڵمەتێکی نوێی کۆکردنەوەی سەتەلایت لە لایەن ڕێژیمەوە لە مەریوان و شنۆ دەستی پێ کرد



هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە هەڵمەتێکی نوێدا دەستیان دایە کۆکردنەوەی سەتەلایت لە شارەکانی مەریوان و شنۆ.

ڕۆژی شەممە ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بە بێ مۆڵەتی یاسایی ڕژاونەتە نێو ماڵی هاووڵاتییانی هەندێك لە گەڕەکانی شاری شنۆ و کۆمەڵێك سەتەلایتیان کۆکردووەتەوە.

لەو پێوەندییەدا و لە نێو شاری مەریواندا لە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەر، هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە هێندێك لە گەڕەکەکانی مەریواندا دەستیان بە کۆکردنەوەی سەتەلایتی دانیشتوانی ئەو شارە کردووە.

پێشتریش لە یەکەمین ڕۆژەکانی مانگی ڕەزبەردا هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بە زیادکردنی پارازیت، خلەلیان خستووەتە سەر کاناڵە ماهوارەییەکان و بەتایبە کاناڵە کوردییەکان و بڵاوکردنەویان تووشی کێشە کردبوو.

## دوو هاووڵاتیی کورد لە ناوچەی ورمێ بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوون

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، دوو هاووڵاتیی کورد بەناوەکانی "ڕەحمان بەشیری کوڕی ئەحمەد و وەحید پژووهی کوڕی نێعمان" خەڵکی گوندی "قەسرکی"ی سەر بە ناوچەی ورمێ، لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە تەقەیان لێ کرا و لە ئەنجامدا بەتوندی بریندار بوون. تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لەو دوو هاووڵاتییە لە شوێنێك بەناوی "سەرگەڕی ڕاژان ـ تورکانکانی" لەسەر سنووری نێوان "ئێران و تورکیە" ڕووی داوە.

## وێبلاگنووسێکی کورد لە ورمێ دەسبەسەر کرا



"عەزیز تیباش" تەمەن ٢٣ ساڵ و کوڕی "خالید" لە دووکانەکەی خۆیدا لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا. هێزەکانی ڕێژیم دووکانی ئەو وێبلاگنووسەیان بە تۆمەتی "چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاگادارِیی بەڕێوەچوونی خولی فێربوونی زمانی کوردی" پلۆمپ کردووە. هەر لەو پێوەندییەدا برایەکی "عزیز تیباش" بەناوی "مەجید تیباش" چالاکی خوێندکاری، بە تۆمەتی دابەزاندنی وێنەی ئاڵای کوردستان لەسەر شاشەی لاپتۆپەکەی لە خوێندن بێبەش کرا و لاپتۆپەکەی لەلایەن حەراسەتی زانکۆکەوە زەوت کرا.

## گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر هاووڵاتییانی شاری خۆی

پاساژێك بەناوی پاساژی "میر جەلال" لە شەقامی "تاڵەقانی"ی شاری خۆی دروست کراوە، کە لەلایەن خاوەنەکانییەوە دەفرۆشرێت و ژمارەیەك هاووڵاتیی کوردیش چەند دووکانێکیان لەو پاساژەدا کڕیوە. پاش کڕینی ئەو دووکانانە لەلایەن هاووڵاتییانەوە، ئیدارەی ئیتلاعات خاوەنی پاساژەکەی بانگهێشت کردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە نابێ دووکان بە کوردەکان بفرۆشن. بە وتەی هاووڵاتییان، ڕێژیم لە هەوڵی ئاژاوەنانەوە لە نێوان کوردان و ئازەرییەکانی دانیشتووی پارێزگای ورمێدایە و لە هەموو ئامرازێك بۆ دروست کردنی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو نەتەوەدا کەڵك وەردەگرێت. هەر لەو پێوەندییەدا، پێشتریش لە شاری "پێرێ" سەربە شارستانی خۆی، کەسانێکی نەناسراو کە خۆیان بە ئازەری زمان لە قەڵەم داوە هەڕەشەیان لە هاووڵاتییانی کورد کردبوو، کە دەبێ ئەو شارە بەجێ بێڵن، پێشتر لەوەش ژمارەیەك لە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم هێرشیان کردبووە سەر گۆڕستانی کوردەکانی شاری خۆی و کێلی مردووە کوردەکانیان شکاندبوو.

## دوو ئەندامی حیزبی دێموکرات کۆچی دواییان کرد

سەلاسی باواجانی:

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "مستەفا بەهرامی" خەڵکی گوندی "مەیانخوێ"ی تازاوای سەلاسی باواجانی کۆچی دوایی کرد.

مستەفا بەهرامی بە هوی شەڕی ئێران و عێراقەوە ئاوارەی کەمپی ئەلتاش بوو. لەوێ لەگەڵ ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندیی گرتووە و چالاکی و ئەرکە حیزبییەکانی بە ئەنجام دەگەیاند.

سنە:

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "سەردار شاکری" کوڕی "جەعفەر" تەمەن ٤٥ ساڵ، خەڵکی گوندی "شیان"ی سەربە ناوچەی "ژاوەرۆ"ی سنە، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییی کۆچی دوایی کرد. سەردار هەر لە سەرەتای پێوەندی گرتنییەوە لەگەڵ ڕێکخستنی نهێنیی حیزب، وەکوو ئەندامێکی چالاك، بەوپەڕی ڕاستبێژییەوە ئەرکە حیزبییەکانی بەڕێوە دەبرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی کاك مستەفا و کاك سەردار دەکات و هیوای سەبووری بۆ کەس و کاریان دەخوازێ.

## دایکی چەند شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دواییان کرد

**سەردەشت:**

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، دایە "ئەستی حەمەوەیسی" دایکی "عەلی عەبدوڵڵاهی" شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی گوندی "ئەحمەد بویر"ی سەربە شارستانی سەردەشت، کۆچی دوایی کرد. شەهید عەلی لە سەرەتای دەسپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاتە ریزەکانی حیزبەوە و لە ساڵی ١٣٥٩ لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید کرا.

**مەریوان:**

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، "وەنەوشە کەریمی" کچی "حەبیبوڵڵا"، خەڵکی گوندی "دەگاگا"ی سەربە ناوچەی هەورامان و دایکی شەهید "بەختیار ئەحمەدی" کۆچی دوایی کرد. شەهید بەختیار یەکێك فەرماندە بەوەجەکانی هێزی زاگرۆس بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە دەستی تیرۆریستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە باینجان شەهید کرا.

**پاوە:**

دایە "تەحفێ محەممەدی" دایکی شەهید "ڕەمەزان ڕەجەبی" خەڵکی گوندی کۆمەدەرە سەربە شارستانی پاوە، بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. شەهید ڕەمەزان جێگر لکی شەهید حەمەمین نادری لە هێزی شاهۆ بوو. ناوبراو فەرماندەرێکی زیرەك و بەوەجی ئەو هێزە بوو و لەنێو خەڵکی ناوچەکە زۆر خۆشناو بوو و جێیڕێز و پێزانینی خەڵکەکە بوو. دایە تەحفێ لە گۆڕستانی شاری پاوە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە بەخاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵەکانی دایە ئەستی ،دایە وەنەوشە، دایە تەحفێ دەکات و خۆی لە خەم وپەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی چەند پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کۆچی دواییان کرد

**پیرانشار:**

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، "مام حوسێن پووشاب" کوڕی "خدر"، خەڵکی گوندی "قەبری حوسێن"ی سەربە ناوچەی "بەری مێرگان"ی شاری پیرانشار و باوکی "هەمزە پووشاب" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. مام حوسێن لە نیو ئاپۆڕای خەڵکی گوندی قەبری حوسێن و خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا.

**مەریوان :**

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی، "محەممەد کیشوەردووست" خەڵکی گوندی "بێلووی" سەربە ناوچەی مەریوان و باوکی "ڕێبوار کیشوەردووست" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەهۆی نەخۆشی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری مەریوان کۆچی دوایی کرد.

**سنە :**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، "ئیبراهیم فاتیحی" باوکی "ئیسماعیل فاتیحی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشی لە ئاوایی "کەرجۆ"ی سەربە ناوچەی "چەمشار"ی سنە کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی کاك ئیبراهیم، کاك محەممەد، کاك حوسین دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## دوو کەسایەتیی خۆشناو لە کوردستان کۆچی دواییان کرد

**کامیاران:**

ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، مامۆستا سەلام عەبدی کوڕی مەلا مستەفا خەڵکی گوندی "تەنگی سەر"ی سەربە ناوچەی "مووژژ"ی شاری کامیاران، لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی "بێعسەت"ی شاری سنە کۆچی دوایی کرد. تەرمی مامۆستا سەلام لە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەری لە گوندی تەنگیسەر لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا.

**ورمێ:**

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی ورمێ بە ناوی "عەبدولباقی میرۆزادە" خەڵکی گوندی "خەلیفەتان" بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ماڵی عەبدولباقی لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا هەمیشە وەکوو بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و بە دانی هەواڵ و زانیاری بەنیسبەت حوزووری دوژمن لە ناوچەکەدا هاوکار و هاوڕێی پێشمەرگە بوو. عەبدولباقی میرۆزادە، هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی باوەڕی قووڵی بە مافی ڕەوای گەلەکەی هەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە خزم و کەس و کاری مامۆستا سەلام و کاك عبدولباقی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# گەلۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو گۆڕان هەنگاو هەڵدەگرێ؟

مستەفا هیجری

وەڵامدانەوەی ورد بەم پرسیارە کلیلی کرانەوەی کۆمەڵێك وەڵامی دیکەیە کە لە دوای بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییانەی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ئەمساڵ تا ئێستا لە نێوان ڕۆژئاواییەکان و هاونیشتمانەکانماندا لە ئارادایە، سەفەری "رووحانی" بۆ نیۆیۆرك، قسەکانی ناوبراو لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وتووێژەکانی ناوبراو لە درێژەی ئەم سەفەرەدا و لە کۆتاییدا وتووێژی تەلەفوونیی ئەو لەگەڵ "باراك ئۆباما" سەرکۆماری ئامریکا ئەم پرسیارانەی جیدیتر کردووە و بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئاستی نێونەتەوەییدا پەرەی پێ دراوە، لە نێتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسراییلەوە بگرە تا وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە و کاربەدەستانی باڵای وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بێسەبرانە لە بیری دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە گرینگانەن.

بەڵام ڕاستیی ئەم پرسە چییە و بۆچی لەناکاو ڕێژیمێك کە ئاڵاهەڵگری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بووە و لەم ڕێگەیەدا تێچووی لەڕادەبەدەری لە سروەت و سامانی خەڵکی ئێرانەوە بگرە تا ئابڕووی خۆی خەرج کردووە، ئێستا لەپڕێکدا لە هەوڵدایە بۆ پیشاندانی سیمایەکی نوێ لە خۆی؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانە پێویستە چەند خاڵ ڕوون بکەینەوە:

١- بۆ کەس شاراوە نییە کە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تا ئێستا پاراستن و مانەوەی ڕێژیمەکەیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بووە، خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیم لەم بڕوایەدا بوو کە بە مەبەستی پاراستنی ڕێژیم ئەگەر پێویست بێت، حوکمی ڕاگرتنی حوکمە ئیسلامییەکانیش دەردەکات، پێکهێنانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرت، سوپایەك کە پارێزەری شۆڕشی ئیسلامییە نەك پارێزەری ئێران و تا ئێستا بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە ڕێژیم و پەرەپێدان و هەناردەکردنی شۆڕش دەستی لە هیچ تاوانێك نەپاراستووە. کۆماری ئیسلامی لە درێژەی دەیەکانی ڕابردوودا بەردەوام سەلماندوویەتی کە بۆ پاراستنی ئەم ڕێژیمە لە ئەنجامدانی هیچ تاوانێك سڵ ناکات. لە سەرەتادا، خومەینی کە ڕێژیمی بەعسی عێراقی وەك مەترسییەك بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەی خۆی پێناسە دەکرد، بە دنەدان و دەستێوەردانەکانی ئەملاوئەولا بواری شەڕێکی خۆش کرد کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا و لە کۆتاییدا کاتێك کە تێیان گەیاند کە درێژەکێشانی شەڕ دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیم، پاش ئەو هەموو ماڵوێرانی و قوربانییە، لە ساڵی ١٩٨٨دا سەرشۆڕانە بڕیارنامەی ئاشتیی (٥٩٨)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبووڵ کرد و جامی ژەهری شکستی هەڵقوڕاند.

٢- ئێستا ئەم سیناریۆیە بە شێوەیەکی دیکە خەریکە دووبارە دەبێتەوە، دانانی گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ سەر ڕێژیم لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە لە پێوەندی لەگەڵ پرۆژەی گوماناویی ناوکیی ئێران و توندتربوونەوەی بەردەوامی ئەم گەمارۆیانە لە سەرەتادا بە کۆمەڵێك دروشمی خەڵكپەسەند و خەڵكفریودەر لە لایەن ئێرانەوە دژکردەوەی پێ پیشان درا. کاربەدەستانی ڕێژیم ڕاگەیەندراو و بڕیارەکانی ڕۆژئاوایان وەك دەرفەتێکی زێڕین دەرخواردی خەڵکی ئێران دەدا کە دەبێ کەڵکیان لێ وەربگیردرێ و بە خۆبژێوی بگەیەن، یان ئەوانیان وەك لەتکە کاغەزێکی بێبەها لەقەڵەم دەدا کە ناتوانێ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئابووریی ئێران هەبێت، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ دەرکەوت کە دروشمەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم خەزێنەی بەتاڵی پڕ نەکرد و کەوگیرەکەیان داویەتی لە بنی قابلەمەکە و ئەگەر ڕێژیم دەست هەڵنەگرێ، گەڵاڵەی گەمارۆی هەناردەکردنی یەك میلیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەیی ئێران کە ئێستا دەتوانێ هەناردەی بکات، لە لایەن ئامریکاوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و دوایین هەناسەکانی ئابووریی دارماو و نالەباری ڕێژیم دەچنێ. بەمشێوەیە نە تەنیا ئێران توانای نامێنێ تێچووی درێژەکێشانی شەڕی حکوومەتی بەشار ئەسەد بە دژی خەڵکی ئەم وڵاتە و تێچووەکانی حیزبوڵڵا و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە لە ناوچەکە و شوێنە جیاجیاکانی جیهان دابین بکات، بەڵکوو لە نێوخۆی وڵاتیشدا ناتوانێ تێچووە سەرسووڕهێنەرەکانی سوپای پاسداران و ناوەندەکانی هێز و دەسەڵات دابین بکات و لە ئاکامدا ڕێژیم بە شێوەیەکی جیددی دەکەوێتە بەردەم هەڵدێری ڕووخانەوە.

٣- لە لایەکی دیکەوە، لە بیرمان بێت کە ئامانجی هەوڵەکانی ڕێژیم لە پیتاندنی ئۆرانیۆمدا دەستپێڕاگەیشتن بەچەکی ناوکییە. چون ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەمان سەرەتاوە بە بەڕێوەبردنی تیۆرییەکانی هەناردەکردنی شۆڕش، دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و خۆناساندنی وەك ڕێبەری موسڵمانەکانی جیهان، لەگەڵ ڕۆژئاوا و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی وڵاتانی موسڵمانی سوننەنشین خۆی لە نێوان کۆمەڵێك لە دوژمنی دەسکردی دوور و نزیکدا هەست پێکرد کە گوایە هەموویان لە بیری ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەدان. کەواتە، دەبوا لە بەرامبەر ئەم هەموو دوژمنە هێزەکی و کردەکییەدا ڕابوەستێ و ڕێژیم بپارێزێ و تەنیا چەکێك کە دەتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ (بە بڕوای ڕێژیم) دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکییە. چونکوو تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە کەس توانای هێرش و دەستدرێژی بۆ سەر ڕێژیمی نابێت و جیهان بە تایبەتی وڵاتانی موسڵمانی ناوچەکە لە بەرامبەر ئێراندا سەری کڕنۆش و تەسلیمبوون دادەنوێنن. هەر بۆیە پرۆگرامی پیتاندنی ئۆرانیۆم سەرەڕای نارەزایەتیی گشتی و بیستنی دەنگی ئەم نارەزایەتییە جیددییانە، درێژەی کێشا و ئێستاکە گوایە ڕێژیم تێگەیشتووە کە نەتەنیا بە چەکی ناوکی دەستی ڕانەگەیشتووە تا بە یارمەتیی ئەو چەکە ڕێژیمی ئیمامی زەمان لە ئاژاوەی دوژمنان بپارێزێ، بەڵکوو درێژەکێشانی پرۆگرامی پیتاندنی ئۆرانیۆم لێکەوتە و ئاکامی نەخوازراوی هەیە بۆیان و خەریکە بۆ خۆی دەبێتە هۆکاری ڕووخانی ڕێژیم. لەولاشەوە چونکە بنەما، پاراستنی ڕێژیم بە هەر قیمەتێکە، کەواتە دەبێ تەسلیمی داخوازییەکانی ڕۆژئاوا بن و پێداچوونەوەیەك بە سەر درێژەکێشانی پیتاندنی ئۆرانیۆمدا بکەن تا ڕێژیم بەردەوام بێت. ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەیکە پاش ساڵانێك دروشمدان دژی ڕۆژئاوا و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات و بە هەژار و چارەڕەشکردنی خەڵکی ئەم نیشتمانە بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، لە بادانەوەیەکی ١٨٠ پلەییدا، باس لە ڕاستبوونی هۆلۆکاست، دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی ئیسراییل، وتووێژی تەلەفوونی ١٥خولەکیی ڕووحانی لەگەڵ ئۆباما سەرکۆماری شەیتانی گەورە دێتە گۆڕێ و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم لە هەوڵی ئەوەدان ئەم بادانەوە بە بایی سەرترۆپکی سەرکەوتنەکانی ڕێژیم (نرمی نواندنی قارەمانانە) بە خەڵك بفرۆشن، لە کاتێکدا "نەرمی نواندنی قارەمانانە"ی ڕێبەر جامی ژەهرێکی دیکەیە کە سەرشۆڕانە دەبێ بینۆشێ تا ڕێژیم لە مەترسیی ڕووخان ڕزگار بکات و بۆ ماوەیەکی دیکە وەك ئۆختاپووسێك زاڵ بێ بەسەر شان و ملی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا.

> **بۆچی لەناکاو ڕێژیمێك کە ئاڵاهەڵگری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بووە و لەم ڕێگەیەدا تێچووی لەڕادەبەدەری لە سروەت و سامانی خەڵکی ئێرانەوە بگرە تا ئابڕووی خۆی خەرج کردووە. ئێستا لەپڕێکدا لە هەوڵدایە بۆ پیشاندانی سیمایەکی نوێ لە خۆی؟**

٤- جێگەی هیچ گومانێك نییە کە جەنابی ڕێبەر و پەیغامبەرەکەی "رووحانی" لەم بڕگە زەمەنییەدا بۆ پێشکەوتنی پرۆگرامەکانیان تا شوێنێ کە بۆیان بلوێ مانۆڕ دەدەن، درۆ و چەواشەکاری دەکەن تا بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕۆژئاوا ڕازی بکەن کە تا ڕادەیەك لە گەمارۆ ئابوورییەکانیان کەم بکەنەوە بە بێ ئەوەیکە مل بۆ داخوازییەکانی ئەوان کەچ بکەن. بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئامریکا، فێڵ و تەڵەکەکانی ڕێژیمیان بە باشی ناسیوە و ناکەونە ژێر کاریگەریی بزە و دروشمەکانیان و بەو شێوەی کە ڕایانگەیاندووە، ئەوان چاوەڕوانی هەنگاوە کردەکییەکانی ڕێژیمن لە چوارچێوەی قبووڵکردنی داخوازییەکانیاندا. کەواتە ئەگەر لە ئەگەری سووربوونی ڕۆژئاوا بۆ توندترکردنەوەی گەمارۆکان و درێژەدانیان "کە بە ڕواڵەت وا وێدەچێ " ڕێژیم سەرشۆڕانە لە بەرامبەر داخوازییەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا سەری دانەواندوە و ئەوەی وەك سەرکەوتنی گەورەی ڕێبەر پێناسە کرد "هەروەك چۆن پاش شکستی ئێران لە بەرامبەر حکوومەتی عێراقدا تا بە ئێستاش خۆی بە براوە دەزانێ" نابێ سەرمان سووڕ بمێنێ. ئەڵبەت پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە بە ئاکامگەیشتنی ئەم سیناریۆیە بە بوونی دژبەران و ئەو گیروگرفتانەی کە لە نێوخۆی ئێران و ئامریکا لەسەر ڕێگەدان، پلانێکی کاتگر و دژوارە بەڵام بەمحاڵەشەوە وەدیهاتنی دوور لە باوەڕ نییە.

بەڵام لەم هەموو پڕوپاگەندە چ قازانجێك بە خەڵکی ئێران دەگات؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ سەر بنەمای پاراستنی ڕێژیم و ئەوەیکە وەلانانی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران لە لایەن ڕۆژئاواوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی دیکە تەمەنی ڕێژیم درێژ بێتەوە و دەلاقەیەکی چووکەش لە باری ئابوورییەوە بۆ خەڵك بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر وا بیر بکرێتەوە کە ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی ئێراندا ئاشت دەبێتەوە و لە ئاکامدا کەشی زاڵی ئەمنیەتی بەسەر ئێراندا لا دەبرێت و دەکرێتەوە و ئەو ئازادییانەی کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەوە لە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی ئازادیخوازان زەوت کراوە بۆیان دەگەڕێتەوە، هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە ئازادییەکانی خەڵك هۆکارێکن بۆ ڕووخانی ڕێژیم، نەك پاراستن و ڕاگرتنی. خەڵکی ئێران لە دەیەکانی ڕابردووەوە وەها قین و تووڕەییەکیان لە ڕێژیم لە دڵدایە کە کاتێك قورسایی سەرەنێزەی سەرکوت دەرفەتێکی هەناسەکێشانیان پێ بدات، یەکگرتوو و یەکپارچە هەڵدەستن و ڕادەبن و باروبنەی سوواوی ئەوان کۆ دەکەنەوە، هەروەها کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا هەرکات بە هەر هۆکارێکەوە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخسابێت، هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکە و کۆڵەکەکانی ئەم ڕێژیمەیان خستووەتە لەرزە و ڕێژیمیش بە باشی ئاگاداری ئەم ڕاستییەیە. جگە لە کۆماری ئیسلامی، مێژووی دەیەکانی ڕابردوو لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئافریقا ئەم ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەو ڕێژیمە توتالیتێر و دواکەوتنخوازانە کە لە نێو کۆمەڵگاکەی خۆیان پێگەیەکیان نییە، تەنیا پشت بە هێزە سەرکوتکەرەکانیان دەبەستن. ئەم جۆرە ڕێژیمانە بەردەوام لە خەڵکەکەی خۆیان دەترسن و لەم ڕاستییە نیگەرانن کە خەڵك هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە دەستیان بە ئازادی بگات، بوونی پڕشووڕەیی ئەوان لە سەر گۆی زەوی دەسڕنەوە. بەمشێوەیە کە ئەم ڕێژیمانە تا دوایین چرکەکانی تەمەنیان بە زەبری سەرەنێزە حکوومەت دەکەن و دەرەتانێك بۆ ئازادیی خەڵك ناهێڵنەوە. ئێمە ئەم ئەزموونەمان لە ڕێژیمە پاشایەتییەکانی ئێران، حکوومەتی بەعسی سەدام حوسێن و ئەم وڵاتانەی کە لەم دواییانە و لە شۆڕشگەلێکدا کە لە ژێر ناوی بەهاری عەرەبی حکوومەتەکانیان ڕووخاندووە، بینیوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش ئەم ڕاستییانەی بینیوە و وانەی لێ وەرگرتوون تا ئەو شوێنەی کە ڕێژیم نە تەنیا ئازادی بۆ خەڵکی ئێران بە ڕەوا نابینێ، بەڵکوو سەرەڕای ڕۆژڕەشیی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی، تێچووی پێشقەچوونی شەڕی بەشار ئەسەدیشی لەگەڵ خەڵکەکەی وە ئەستۆی خۆی گرتووە کە نەبا لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی سووریە خەڵکی ئەم وڵاتە بە ئازادی بگەن، ئازادی جیددیترین خەسار و دوژمنی ئەم چەشنە ڕێژیمانەیە، هەر بۆیە تا دوایین چرکە لەگەڵیدا دژایەتی دەکەن.

**ئەنجامگیری:**

سەردانەواندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر داخوازییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕووی لاوازی و ناچارییەوە لەم قۆناغەدا کە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم لە بەرامبەر توندتربوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان بە خاڵێکی هەستیار گەیشتووە، شتێك نییە کە دوور لە چاوەڕوانی بێت. بەڵام بەو هۆکارانەی کە دەستنیشان کران، نابێ چاوەڕوان بین کە ڕێژیم لە بەرامبەر ویست و داخوازی خەڵکی ئێراندا کە گەیشتن بە ئازادییە مل کەچ بکات، بەڵکوو هیچ دوور نییە بە دانی بۆڵ و پووان بە ڕۆژئاوا، سەرکوتەکان لە نێوخۆدا توندتر و کەشی کۆمەڵگا داخراوتر بکا، لەم حاڵەتەدایە کە خەڵك بۆ دەربازبوون لە چنگاڵی سەرەڕۆیی ڕێگەیەك جگە لە یەکیەتی و بەرەنگارییان لە بەرامبەر ڕێژیمدا نادۆزنەوە.

لەم قۆناغەدا بڵاوکردنەوەی هەرچەشنە وەهم و دڵخۆشییەك لە پێوەندی لەگەڵ چاکسازی لە ڕێژیمدا، دڵخۆش کردنی خەڵك بە بزەکان و وادە درۆیینەکانی مۆرە ورد و درشتەکانی لە پێناو پتەوتر کردنی کۆڵەکەکانی سەرەڕۆییدا دێتە ئەژمار، خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان جگە لە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە نییە و لەم ڕێگەیەدا پێویستە بە بێ هیچ گومانێك هەنگاو هەڵبگرن و بە هەمان شێوە دەبێ نرخی ئەم کارەش بدەن و بەمجۆرە سەرکەوتووی کۆتایی خەڵك دەبن، نەك ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

مستەفا هیجری
١٣٩٢/٧/١٦
٢٠١٣/١٠/٨



# یادێک لە ٧ تێکۆشەری دێموکرات و قوربانیانی بەرژەوەندی

کاوە بەهرامی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی خەبات و تێکۆشانی بێوچانی خۆی لە راستای گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی گەلی کوردی لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە سەرووی هەرچەشنە بەرژەوەندییەکی تایبەتی و حیزبی خۆی داناوە و لەو رێگایەشدا ئامادەی هەرچەشنە گیانفیدایی و قوربانیدانێك بووە.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و تێڕامانە و لەم کورتە باسەدا هێمای بۆ دەکەین یادێکە لە ٧ تێکۆشەری ماندوو نەناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ٢٨ی رەزبەری ١٣٧٥ی هەتاویدا بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە و دژ بە هەموو چەشنە بنەمایەکی مرۆڤتەوەرانە و نەتەوەییانە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانەوە رادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کران.

هەورامان، لە هەر دوو پارچەی نیشتمان (باشوور و رۆژهەڵات) مەکۆی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان بووە، خەڵکی ئەو ناوچە دڵڕفێنە لە کوردستانی ئێران پشتیوان و پەناگەی تێکۆشەرانی دێموکرات بووە و لە هەر دەرفەتێك بۆیان رەخسابێ بە شکۆیەکی چیاییەوە قەڵغانی بەرگری لە مان و مەوجودییەتی نەتەوەکەمان بوون.

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، ناوچەی هەورامان بە درێژایی چەندین ساڵ شوێنی حەوانەوەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بووە و زۆر جاریش شۆڕشگێرانی باشووری کوردستان لەو دەڤەرەدا بە بێ هیچ چەشنە گیر و گرفتێك پێکەوە ژیاون و تەنانەت زۆرجار بە کردووە لە هەستیارترین هەلومەرجەکاندا خەڵکی ئەو ناوچە و تێکۆشەرانی حیزب هاوکاریی تێکۆشەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان کردووە و چاوەڕوانی هیچ جۆرە دەست خۆشی و پاداشتێك نەبوون و لە سەر حیسابی خوشك و براکانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەوڵی بەرەوپێشچوونی خەباتی کوردستانی ئێرانیان نەداوە و هیچ کات ئیستراتیژییان فیدای بەرژەوەندییەکی تەسك و تاکتیکی رۆژانە نەکردووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تا ساڵانێکی زۆر دەڤەری هەورامان لە ژێر هێژموونی و خەباتی بێوچانی هێزی بەهێزی شاهۆی دێموکرات بوو و زۆرجار هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عێراقیش روویان لەو ناوچەیە دەکرد دەرفەتێك لە لایەن تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ سەرجەم پارچەکانی کوردستان رەخسا کە هەموو لایەك زۆر دۆستانە و خۆماڵی هەڵسووکەوت لەگەڵ یەکتری بکەن.

هەستی پاك و نیشتمان دۆستیی تێکۆشەرانی دێموکرات و بە پشت بەستن بە رابردووی کار و تێکۆشانی هێز و لایەنەکان لە ٢٨ی رەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی پاش گەڕانەوە لە هەورامان لە هەڵەبجە (گوندی عەنەب) روو لە بنکەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەکەن و ئەندامانی بزووتنەوەش بە سەرپەرستی ئەنوەر عەنەبی لەو نییەتە پاکەی تێکۆشەرانی دێموکرات کەڵك وەردەگرن بە بیانووی ئەوەی لەو رێگایەدا ماندوو و شەکەت بوون و دەبێ لای ئەوان بۆ حەسانەوە پشوو بدەن، ماوەیەکی کورت بمێننەوە و پاش حەسانەوە دەتوانن بەرەو بارەگاگانی خۆیان بەڕێ بکەونەوە. تێکۆشەرانی دێموکراتیش بە شێوەیەکی ئاسایی سەیری ئەو پێشنیارە دەکەن و دەمێننەوە، غافڵ لەوەی قوربانیی سات و سەودای دەستی بزووتنەوە و کۆماری ئیسلامی دەبن.

بزووتنەوەی ئیسلامی پێشتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پیلانی ئەو خیانەتەی دژبە تێکۆشەرانی دێموکرات داڕشتبوو، ئەم پیلانە نگریس و دژە نەتەوەییە بە ئامادەکردنی هەموو رێگا و ئیماکاناتی ئەم خەیانەتە مێژووییە پاش چەند ساعەتێك ئەو حەوت تێکۆشەرەی دێموکرات، هاوڕێیان ئەرشەد رەزایی، محەممەد عەزیز قادری، داریوش ئیسلامدوست، یونس محەممەدپوور، موزەفەر کازمی، عەدنان ئیسمائیلی و مەعرووف سۆهرابی رادەستی سوپای پاسداران لە شاری پاوە کران.

بەم چەشنە بزووتنەوەی ئیسلامی دەرهەق بە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکرات گەورەترین تاوانی ئەنجام دا کە هەرگیز لە بیر ناکرێت.



لەو کاتەدا دەفتەری سیاسیی حیزب بە دەرکردنی بەیاننامەیەك وێڕای ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و هۆشداری دان بە بزووتنەوە و کۆماری ئیسلامی خوازیاری پاراستنی گیانی ئەو هاوڕێیانە بوو. بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوکات حاشای لەوە کرد کە دەستی لە وەها کردوەیەکی قێزەون و دژە نەتەوەیی دا بووبێت. سەرەنجام لە بەرنامەیەکی تۆکمەدا حیزبی دێموکرات توانیی یەکێك لەو هاوڕێیانە کاك داریوش ئیسلامدوست لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی دەرباز بکا و بە دەربازبوونی ئەم هاوڕێیەمان لە چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا کردنی پیلانەکە ئەنجامدەرانی ئەم کردەوە دژە مرۆڤانییەی بەتایبەت بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی ئاشکرا کرد.

ئەوەی لێرەدا بۆ هەموو لایەك روون و ئاشکرایە لە لایەك دەبینین سیاسەتی دروست و واقیع بینانەی حیزبی دێموکرات لە هەموو قۆناغەکاندایە کە بۆ چرکە ساتێکیش رێگای نەداوە لە سەر حیسابی کوردی هیچ پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ رێژیمەکانی ناوچە سات و سەودای هەبێ و لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کەسێکی وەك ئەنوەر عەنەبی سەرەڕای ئەنجامدانی ئەم تاوانە بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و ئاشکرابوونی دەستی ئەوان لەم مرۆڤ فرۆشییەدا، کاندیدی پارلمانی کوردستان دەکا!!! کەواتە دەبێ دادپەروەری و عەداڵەت لە کوێ بێ ؟!

جێگای خۆیەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئوسول و یاسا نێونەتەوەییەکان لایەنەکانی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بۆ ئەم دۆسیە بکەن و ئەنجامدەرانی لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا بە سزای خۆیان بگەیێنن.

# رۆژی جیهانیی بنبڕکردنی هەژاری و بەرزبوونەوەی هێلی هەژاری لە ئێران

هیوا میرزایی

خۆشبژێوی و دەستخستنی خوراکی گونجاو و توانایی کڕین یەکێك لە مافە سەرەتاییەکانی هەر تاکێك لە کۆمەڵگایەدا کە بەداخەوە ئێستا بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی جیهان بە دەستی هەژارییەوە دەناڵێنن و داهات و مووچەی رۆژانەیان، بەشی دابینکردنی خوراکێکی گونجاو ناکات. هەر چەند لە ماوەی دیەی رابردوودا پێشکەوتنی بەرچاو بینراوە بۆ لە نێوبردنی هەژاری، بەڵام بەپێی وتەی "جیم یونگ کیم" بەرپرسی بانکی جیهانی نزیك بە یەك میلیارد و ٣٠٠ میلیون کەس کە ٤٠٠ میلیونیان منداڵن لە هەژاریی لە رادەبەدەر ژیان بەسەر دەبن و هەموو ساڵێك نزیك بە ٧ میلیون منداڵی ژێر ٥ ساڵ دەمرن.

هەژاری و بەرزبوونەوەی رێژەی هێلی هەژاری لە کۆمەڵگا بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە نەگونجاو و غەیرە زانستییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگایە و وڵاتی ئێران کە یەکێك لەو وڵاتانەیە کە لە بواری ژێرخانی ئابوورییەوە دەوڵەمەندە و بە پێی هەڵکەوتی جوگرافیایی و ئاو و هەوایەوە دەکرێ وەك وڵاتێکی توریستی ببێتە هۆکاری داهاتی زۆر بۆ ئەم وڵاتە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی نازانستی و نەبوونی بەرنامەی تۆکمەی ئابووریی سەردەمیانەی کورتخایەن و درێژ خایەن و هەروەها بوونی دزی و تاڵانی دەسەڵاتدارانی ئێران لە داهاتی نەتەوەیی ئێران و یارمەتیی بەرچاوی دەوڵەتی ئێران بە هێزە بناژۆخوازە تیرۆریستییەکان و هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و دژایەتی لەگەڵ جیهان بە تایبەت دەوڵەتە رۆژئاواییەکان و لە سەرەوەی هەموویان ئامریکا وای کردووە گەمارۆ ئابوورییەکان بە سەر ئەم وڵاتەدا بسەپێ و هێلی هەژاری لەم وڵاتە بە شێوەی بەرچاو بەرز بێتەوە.

بەپێی راگەیەندراوی ناوەندی ئاماری ئێران ٤٧ میلیۆن ئێرانی رۆژانە مووچەیەکی کەمتر لە ٤هەزار و سێسەد تمەنیان هەیە و هەر بە پێی سەرچاوەکانی ئاماری کۆماری ئیسلامی نزیك بە ١٠ میلیۆن ئێرانی لە ژێر هێلی هەژاریی لە رادەبەدەردان و نزیك بە ٣٠ میلیۆنیش بە دەست هەژاریی رێژەییەوە دەناڵێنن.

ئەوە لە کاتێکدایە کە پێویستە داهاتی وڵات بە شێوەی بەرانبەر و دوور لە هەرجۆرە جیاوازییەك لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دابەش بکرێت بەڵام وەك دەبینین داهاتی ئێران لە لایەن باندە مافیاییەکانی سپای پاسداران و کاربەدەستانی باڵای رێژیمەوە دەستی بە سەردا گیراوە و بەشی خەڵکی ئێران لەم هەموو داهاتە تەنیا نەهامەتی و هەژارییە.

**نزیك بە ١٠ میلیۆن ئێرانی لە ژێر هێلی هەژاریی لە رادەبەدەردان و نزیك بە ٣٠ میلیۆنیش بە دەست هەژاریی رێژەییەوە دەناڵێنن**

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### چوونەئاو

ماڵپەڕی "سیاسەتی دەرەکی" وتارێکی بەقەڵەمی ئارۆن دەیڤید میلێر لە ژێر ناوی "چوونەئاو" بڵاو کردووەتەوە کە تەوەری سەرەکی بابەتەکە لە لیدەکەیدا بە جوانی رەنگی داوەتەوە. لیدەکەی ئەمەیە: "بۆچی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر و کەمتر گرینگە". سەرەتای وتارەکە بەم پرسیارە دەستی پێکردووە: "ئاخۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڕاستی گرینگییەکەی جارانی ماوە؟" و لە درێژەدا نووسەر نووسیویەتی: "گاڵتە دەکەم. هەڵبەت کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرینگی هەیە. تەنیا چاو لە سەردێڕی هەواڵەکان بکەن: رۆژێك بە بێ هەواڵێك لە بارەی قەیرانی سووریە، عێراق یان میسر یان راگەیاندنێك لە لایەن سیاسەتڤانێکی ئیسرائیلی یان ئاخووندێکی ئێرانی کە پێشبینی شەڕ یان ئاشتیی لەگەڵ بێت، تێناپەڕێ. ئەم حەوتووە، رێبەرانی جیهان لە ژێنێڤ بۆ باسکردنی توانایی ناوکیی ئێران کۆ بوونەوە. مانگی رابردوو، سەرکۆمار باراك ئۆباما لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وتارێکی پێشکەش کرد کە بە تەواوی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەرخانی کردبوو. دواتر خەزێنە نەوتییەکان، کاناڵی سەمبۆلیکی سوئێز و هەروەها گەرووی باریکی هورمۆز هەیە. داستانی دوورودرێژی شەڕی بێ کۆتایی عەرەب ـ ئیسرائیل و هەروەها ١١ی سێپتامبریش هەیە." نووسەر لە بەشێکی تردا دەنووسێ: "بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەیش رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندە گرینگ نییە کە جاران بوو. هۆکارە نەریتییەکان بۆ تێوەگلانی ئەمریکا گۆڕاون."

نووسەر شەش هۆکاری سەرەکی باس دەکات کە لە روانگەی خۆیەوە بوونەتە هۆی ئەوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەمریکا گرینگییەکی کەمتر لە جارانی هەبێ. ناوبراو هەر هۆکارەو بە تێروتەسەلی شی دەکاتەوە کە لێرەدا تەنیا دەکرێ ئاماژەیەکی کورتیان پێ بکەین. ١- نەمانی شەڕی سارد و رۆڵی زیاتر هاریکارانە تا دوژمنکارانەی رووسیە لە بەرامبەر ئەمریکا لە ناوچەکە و لاوازبوونی هێزە توندڕەوە ئیسلامگەراکانی ناوچەکە و تێوەگلانیان لە کێشە نێوخۆیی و ناوچەییەکانیان، ٢- ئەمریکاییەکان ئیدی نایانهەوێ ئەو وڵاتە رۆڵی یەکلاکەرەوەی کێشەکانی ئەم ناوچە بگێڕێ و پشتیوانی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ناکەن، ٣- ئەمریکا نەتەنیا ئەمڕۆکە کەمتر لە جاران گرێدراوی نەوتی ناوچەکەیە بەڵکوو پێشبینی دەکرێ لە ٢٠٢٠دا ببێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت و گازی سروشتی لە جیهاندا، ٤- هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەمریکا گۆڕاون و تەنانەت داهاتووی پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستان و ئۆردۆنیش وەك رابردوو نابێ، ٥- ئیسرائیل ئەمڕۆکە بەهێز و سەربەخۆترە لە جاران و ٦- لە ئاسۆدا رێککەوتننامەی ئەمریکا و رووسیە لەسەر پرسی ئیسرائیل و فەلەستین و پرسی بەرنامەی ناوکیی ئێران دەبینرێ و ئەوە بە قازانجی هەر دوو زلهێزەکەیە.

نووسەر لە کۆتاییدا دەنووسێ: "رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەمریکا باش نەبووە. ئێمەش بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست باش نەبووین. ئەوەندەی زووتر بتوانین کەمتر لەم سەرزەوینە ناخۆشانەدا دەرکەوین، باشترە. هیچ شتێك لەوە خۆشحاڵترم ناکات".

سەرچاوە:

Foreignpolicy.com

# خواحافزی لە سنە

مامۆستا محیەدین حەقشناس

هەرچەن دڵواپەس بێ حورمەتیی تۆم
سنە شارەکەم ئەوە من ئەڕۆم
تا لاکەیتەوە نیە ئاسارم
خۆرەتاوەکەی لچ پاسارم
وەک ئاویەرگەل هەر پایدار بێ
لە خوام تەڵبە دایمە هەر شار بێ
بە شەرتی شەرەف کوردگەل بنوێنی
تا دونیا دونیاس تویچ هەر بمێنی
بۆ گەشەپیدان بکەفنە بیرت
بە ئومێد ڕۆژیک جوانگەل ژیرت
سوننەتەکانت زینگەو کەنەو
گشتیان بەیەکەو دوبارە لە نەو
کزی و بێ شەوقی و غەم و پەژارەت
گشتی پاکەو کەن لە رووی روخسارەت
ریگە تەی ئەکا و بەرەو غەرب ئەچێ
هەر وەک خۆرەتاو لە شەرقەو هەڵ تێ
لە مەشرقەوە هەڵاتن وەک خوەر
عالم و کاشف لە حەساو بەدەر
گەیین بەم جیگە وا گشت ئەیوینین
بەهرەیان لیگرد مەردم خوەرنشین
مانگیان بەجێهیشت بۆ مریخ ئەچن

شەو و ڕۆژ خەریک کەشف و تەحقیقن
تا بە کاینات خاستر پەی بوەن
لە هەر علمێکا کرۆکاش ئەکەن
چون وەک غەرییگەل بە شۆنیا نەچوو
شەرقی کە ساحێو زانا و عالم بوو
بە شۆن زاناگەل خوەمانا نەچووین
راسە نەیانهێشت، خوەیچمان غافڵ بووین
ئەوێتە باعیس نابوودی و مردن
بێ تەفاوەت بوون یا شۆن گوم کردن
ئەویچمانە بوو، لە دەسمان دەرچوو
وەئیلا چەمان لەوان کەمتر بوو
زاڵ بووگن بە مل تواوی دونیا
میللەتگەل زانا لە هەرچی عیلما
دارایی دونیا ئەوەنە غارەت
بە تێکنۆلۆژی تێکەل سیاسەت
چتگەل نابایان بۆمان ئەنێرن
هەروا ئەیوینین زۆرمان بۆ تێرن
فەقەت خراوە و فەساد رەواج ئان
ئەوەیک وا خاسە ئەیشارنەو لێمان
چون رازی ئەون بە نارەوای وا

رولەگەل رازی و بووعەلای سینا
وا گوێچکەتان دا بەم باسگەل منە
ئێوەیچ ڕۆڵەگەل شارەکەم سنە!
ئەشێ تێفکرن ئێمە چەمان هەس
گشت خاس ئەزانن دەورەی ماهوارەس
عالم و عیلمی بۆ گلایک چووگە
ناو سنەی عەزیز دارولعیلم بووگە
بو سەردەر چوون و خوەندن و زانین
لەگ لایکیچەو شاگرد وردبین
ئەوونە مامۆسا و بۆ شۆنگەل ئەچوون
ئەهاتنە سنە و لەیرا فێر ئەوون
بە عیلم و زانین لەو وەزعە دەر چوو
ژاپونیچ چەن قەڕن ژێرچەپۆکە بوو
شەرقی بەجێهێشت غەربی تەسخیر کرد
تکنیک و عیلمی تواو دونیای گرد
بۆ هەرکامێکتان ئەرک سەرشانە
وریا بنەوە وەزیفەتانە
بە دڵ و بەگیان سەعی و کۆشش کەن
بێرنیەوە بیر چەبوون ئیسە چەن
ئێمە خلافیاین ئێوە مەخلافن
بۆ ڕیگەی زانین چرا هەلگر بن.



## مالئاوا شاعیری "شارەکەم سنە"

مامۆستا محیەدین حەقشناس، شاعیر و ئەدیبی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئافرێنەری بەرهەمی "شارەکەم سنە"، لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەری ئەمساڵدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە شارەکەی سنە و لە گۆڕستانی "بەهەشتی محەممەدی" ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کرا. مامۆستا حەقشناس دڵسۆزێکی ئەمەکداری نیشتمان و زێدەکەی بوو و بەردەوام لە ڕێی نووسینەکانییەوە هەوڵی پاراستن و بووژانەوەی ئاسەوارە ئەدەبی و هونەرییەکانی شاری سنەی ئەدا و هەر ئەو خەمخۆرییەشی بووە هۆی خولقاندنی شاکاری "شارەکەم سنە" لە لایەن ناوبراوەوە. گەلێك ناو و ناوبانگ، داب و نەریت، خەم و شادی و بیرەوەری خەڵك و ناوی ئاسەواری کەونی شاری سنە لە ڕێی "شارەکەم سنەوە"وە لە فەوتان و بیرچوونەوە پارێزران و مامۆستا حەقشناس لەو بوارەدا خزمەتێکی مێژوویی بە کوردستان و شاری سنە کردووە و بەرهەمی "شارەکەم سنە" بە حەق نازناوی "ناسنامەی سنە"ی وەرگرتووە. لاوانی کوردستان و بە تایبەتی شاری سنە هەردەم ئەمەکدارانە ڕوانیویانەتە ئەو هەوڵە ئەدەبی و فەرهەنگییە و مامۆستا حەقشناس پێگە و ڕێزی تایبەتیی هەبووە و دەبێت لە دڵی خەڵکی کوردستاندا. "شارەکەم سنە" بە شێوەی کاسێت (شریت) و بە دەنگە شیرین و زوڵاڵەکەی خودی مامۆستا حەقشناس بڵاو کرایەوە. جگە لە بەرهەمی ناوبراو، مامۆستا حەقشناس خاوەنی دیوانە شێعرێکی فارسیشە و هەروەها بیرەوەرییەکانی خۆیشی نووسیوەتەوە کە بڕیارە لە داهاتوودا چاپ و بڵاو بکرێتەوە. یادی بەرز و ڕۆحی نەمری شاد.

# فۆتۆژورنالیسم چیە و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ژورنالیسم هەیە؟

وەرگێڕان: ئەمیر ڕەحمەتی

بەشی دووهەم

ڕووداو و هەواڵ

هەواڵ (news) پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە و ئەوەی لە نێو کۆمەڵگادا و ڕوو دەدات هەواڵ نیە، بەڵام ڕووداو (euent)ە

هەر ڕووداوێك ناکرێ وەك هەواڵ سەیری بکرێت، مەگەر ئەوەیکە بایەخ و گرینگی (neweuaiues) هەبێت.

ڕووداو لە جیهانیی واقعیدا ڕوو دەدەن و لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانەوە وەکوو لەوش، هیچ ڕاگەیاندنێك جیا لە ئینترنێت ناتوانێ گشت ڕووداوەکان ـ چ بەبایەخ و چ بێ بایەخ لە خۆیدا جێی بکاتەوە. من هەر ئەو مەسەلە و باسە لە فۆتۆژورنالیسم دەکەمە مەسەلەیەکی گشتی. لەنێو سەدان وێنەدا ئێوە تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە "فریم"ەکانتان بۆ ئەو ڕاگەیاندنانەی کە تێیدا کار دەکەن کارابیان هەیە، ئەویش بەپێی پێوانەهەوالییەکان. کەوایە، بۆ سازکردنی هەواڵ لە هەر ڕووداوێك سنوور و چوارچێوەگەلێك هەیە.

ناردبووم کە لە کلێشەی "تەنز"دا کە باسی لە ئەخلاقی فۆتۆژورنالیسم کردبوو. لەو ئیمەیلەدا کە بە زمانی ئینگلیسی نووسرابوو، پێدەچوو کە لە نێوان فۆتۆژورنالیستەکانی دنیاشدا بێنەوبەرەی کردبێت، هاتبوو کە ئەگەر "جۆرج بووش" لە ڕووبارێکی بەخوڕ کەوتبێ و لە حاڵی نقووم بووندا دەست و پێ لێ بدات ئێوە چ دەکەن؟ دواتر بە ئەندازەی دوو سێ پاراگراف جێی بەتاڵی هێشتبۆوە تاکوو خوێنەری ئیمەیل وەڵامەکەی نەبینێت. وەڵام



بایەخ و ئەرزشێکی هەواڵی دیاری دەکرێت و ڕەوانەی دنیای ڕاگەیاندنەکانی دەکرێت و بەوانە هەواڵ دەگوترێ. کەوایە ڕووداو پێوەندی بە جیهانی واقعی و هەواڵیش پێوەندی بە جیهانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە هەیە. کەوایە دەبێ بزانن کە ڕووداو و هەواڵ دوو دیاردە و چەمکی لێك جیاوازن.

بۆنموونە: وەکوو کارگەیەکی ئامووزشیی کاتێك دەتوانرێ بکرێ هەواڵ کە خۆی لە جیهانی ڕاستەقینەی ڕاگەیاندن و میدیاکاندا بدۆزێتەوە.

بەو پێیە دەکرێ بڵێین کە: لە جیهانی واقعیدا ڕووداو بوونی هەیە. بەڵام ناتوانرێ ڕووداو هەواڵ دروست بکات، بۆچی؟ چوونکە هەموو ڕووداوەکان هەڵگری و گرینگیی هەواڵی شیاوی ڕۆژنامەنووسیان نیە. جیا

بایەخە هەواڵییەکان:

بایەخە هەواڵییەکان پێوانەگەلێکن لە دەستی ڕۆژنامەنووساندا بۆ دیاریکردنی ئەو ڕووداوانەی کە دەبێ بگۆڕین بە هەواڵ. ئیزن دەخوازم لێرەدا پێ لە سەر ئەوە داگرمەوە کە گۆڕینی ڕووداو بە هەواڵ، کارێکی خۆویستی نیە و گرێ دراوە بە بایەخیە هەواڵیەکان. ئاماژە بەوەش پێویستە کە کاری وێنەگری هەواڵ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی جیاوازیی نیە. وێنەگریش دەبێ لە ڕووداوێك وێنە هەڵگرێتەوە کە هەڵگری بایەخ و گرینگی هەواڵی هەبێت.

نموونەیەك سەبارەت بە مەسەلەیەکی بەستراوە بە ئەخلاق و کرداری پیشەیی جیهانیی لەو باسەدا دێنمەوە ماوەیەك بەر لە ئێستا یەکێك لە دۆستەکانم ئیمەیلێکی بۆ

لە دیدی فۆتۆژورنالیستێك دەبی یەك لەو دوو بەربژێرانە بێت. وێنەبگرێت یان کامێراکەی فڕێ بدات و ڕزگاری بکات؟

بەڵام لە کۆتاییدا، لەو ئیمەیلەدا بە جێگای دوو بەربژێرەکەی سەرەوە، ئەو پرسیارە هاتبوو کە: ڕەش و سپی دەگرێ یان ڕەنگی !؟

ناوەرۆکی ئەو ئیمەیلە شۆخی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئاماژەیەك بوو بە هەمان پرسیار و باسە گرینگە کۆنەکە. حەتمەن بیستووتانە کە هێندێك ئاماژە بە وێنە بە ناوبانگەکەی تەقەکردنی پۆلیسی سایگۆنی لە سەری "ویت کنگ" کە دەڵێ: بریا وێنەگرەکە بە کامێراکەی لە دەستی کوتابا هەتاکوو گوللەکە لاڕێی کردبا، وەسەری ئەو کەسە نەکەوتبایە.

سەرچاوە: همشهری آنلاین

## ئاوانگارد

ئاوانگارد وشەیەکی فەڕانسەییە و بەمانای پێشڕەو و پێشەنگ دێ کە لەساڵی ١٨٥٠ بە شێوەی بزووتنەوەیەکی هونەری دەرکەوت. ئەم وشەیە بنەڕتێکی سەربازیی هەیە و بە مانای سەربازێك کە لە شەڕدا لە پێشەوەیە بەکار دێ و بە هونەرێك دەگوترێ کە فۆرم و زمانی کۆن بشکێنێ و شێوازێکی نوێ بەرهەم بێنێ.

ڕوانینی هونەرمەندی ئاوانگارد زۆرجار بە پێچەوانەی ڕوانینی ئاسایی بینەرە و هەر بەم هۆیە و بە هۆی دەربڕینی ئاڵۆزی، پێوەندیی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگا زۆر بەهێز نیە، بەتایبەت ئەوەی کە کۆمەڵگا پەروەردەیەکی ئاکادێمی یان تەنانەت ئاساییشی لەمبارەیەوە نەبینیوە و بەتایبەت کێشەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا دەرەتانی وەها پەروەردەگەلێك، تەنانەت لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەویزیۆنەوە بە کەس نادات.

هەواڵ

## بەهار حسێنی براوەی خەڵاتی سێهەمی شیعری فێستیڤاڵی هەتاو

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕانیە، بە هاوکاری سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، بەرواری ٢١_١٠_٢٠١٣ لە کتێبخانەی گشتی ڕانیە، فێستیڤاڵی شیعر و چیرۆکی بە ناونیشانی "چرۆکان لەبەر هەتاودا، جوانتر گەشە دەکەن"ی بەڕێوەبرد.

لە کۆی ئەو دەقانەی بە دەست لێژنەی بەڕێوەبەریی فێستیڤاڵ گەیشتبوون، لە شیعر و چیرۆك، پاش هەڵسەنگاندنیان لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە، ١١ کەس لە بواری شیعردا و ٨ کەس لە بواری چیرۆکدا بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەدا کردووە..

لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەشدا، پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەردوو بواری شیعر و چیرۆك، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕانیە، بە هاوکاری سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو خەڵات کران. .

فێستیڤاڵ ناوی براوەکانی بواری شیعری بەم چەشنە ڕاگەیاند: "دیمەن سۆهرابی، براوەی یەکەم ـ هێرش یاسین، براوەی دووهەم ـ بەهار حسێنی و بڵند باجەڵان بە هاوبەش، براوەی سێهەم". هەروەها براوەکانی بواری چیرۆك بریتی بوون لە: "حوسێن ئەحمەد، براوەی یەکەم ـ ئارام شێخوەسانی، براوەی دووهەم ـ گۆران ڕەئووف و هاوبیرڕەش بە هاوبەشی، براوەی سێهەم".

## پتر لە ٧٠ هەزار کەس لە پێنجەمین فیستیڤاڵی "تامی مۆرێلۆس" بەشدارییان کرد

لە سێیەمین ڕۆژی فیستیڤاڵی تامی مۆرێلۆس، ژووری کوردستان کرایەوە و ئاڵای کوردستان لەسەر شەقامی شوێنی بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵەکە هەڵکرا. شایانی باسە لە پێنجەمین فیستیڤاڵی "تامی مۆرێلۆس" لە وڵاتی مەکزیکدا پتر لە ٧٠ هەزار کەس بەشدارییان کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی لە درێژەی فیستیڤاڵی "تامی مۆرێلۆس" ژووری کوردستان لەلایەن هانا جاف و باڵوێزی لوبنانەوە لە شاری "کۆئرناڤاکە"ی ویلایەتی مۆرێلۆسی وڵاتی مەکزیك کرایەوە.

ژووری کوردستان بە ئاڵای کوردستان و شمەکی کولتوری کوردەواری ڕازابووەوە کە سەرنجی خەڵکێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە سەدان کەس سەردانی ئەو ژوورەیان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی سێیەمین ڕۆژی فیستیڤاڵی "تامی مۆرێلۆس" شەهرووز ئەحمەدی چەند کۆپلە گۆرانیی پێشکەش کرد و دوابەدوای ئەوەش لەلایەن گرووپی هەڵپەڕکێی "ماین زەرد" چەند تابلۆ هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی کوردەواری نمایش کرا.

# "مونرۆ" براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات

وەرگێڕان: سمایل ڕەحمانی

ئالیس مونرۆ نووسەری کانادایی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی ساڵی ٢٠١٣ی بردەوە.

ئاکادێمی نۆبێلی سوئێد، ئالیس مونرۆ، نوسەری کانادایی وەکوو براوەی خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیاتی ساڵی ٢٠١٣ دیاری کرد. ئەوە سیزدەهەمین ژنە کە تاکوو ئێستا بووە بە براوەی ئەم خەڵاتە.

ئاکادێمی نۆبێل نازناوی"مامۆستای دیرۆکی کورتی هاوچەرخ"ی بەم نووسەرە کانادایییە بەخشی و هەروەها بە هۆی ئەو چیرۆکانەی کە بە جوانی داڕێژراون و تایبەتمەندی ئەوان ڕوون بوون و واقعیەتی دەروونناسانەیانی هەبوو سپاسی لێکرا.

بەڕێوەبەری ئاکادێمی سوئێد "پیتر ئەنگلوند" لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵنێراندا، چیرۆکەکانی ئالیس مونرۆی بە مرۆڤە چووکەکان و هەستێکی گەورە ناوزەد کرد.

چیرۆکەکانی مونرۆ تایبەتە بەو بابەتە مرۆییانە کە زیاتر لە شوێنی لەدایك بوونی خۆی واتە ئانتاریۆ ڕوویان داوە .

بەم نووسەرە ٨٢ ساڵە نازناوی "چخۆفی کانادا" بەخشراوە.

کۆمەڵێك لە چیرۆکەکانی خانمی مونرۆ وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی کە ناوی چەند چیرۆکێکیان بریتییە لە: "پاییز داغ"، "گریز پا"، "روبای مادرم"، "دورنمای کاسل راك"، "عشق زن خوب"، "فرار" و "خوشبختی در راه است".

ئالیس مونرۆ لە مێژ منداڵیەوە چیرۆك نووسیی دەست پێکرد و یەکەم چیرۆکی بە ناوی "ابعاد سایە" لە ساڵی ١٩٥٠دا بڵاو کردەوە. ئەو لەو سەردەمەدا لە زانکۆی ئانتاریۆی ڕۆژئاوا سەرقاڵی خوێندنی زمانی ئینگلیزی بوو.

یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی ئەو بە ناوی"رقص سایەهای شاد" لە ساڵی ١٩٦٨ چاپ و بڵاو بووەوە کە خەڵاتی "فەرمانداری گشتیی کانادا" کە بە ناوبانگترین خەڵاتی چیرۆك نووسیی کانادایە وەرگرت.

ئەو لە ساڵی ٢٠٠٩دا بوو بە براوەی خەڵاتی "من بوکر" بۆ بڵاو بوونەوەی کۆمەڵە نووسینەکانی.

خانمی مونرۆ لە سەرەتای ئەمساڵدا ڕایگەیاند "جان شیرین" کە لە ساڵی ٢٠١٢ چاپ و بڵاو بۆتەوە دوایین بەرهەمی ئەو دەبێ.

سایتی بی بی سی




بێ دوان...

# عەبای وەنەوشەیی و کەواسوورەکان

سەلام ئیسماعیل‌پوور

پرسی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێك لەو بابەتانەیە کە لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بەردەوام لەگەڵ مێکانیزمی حاشالێکردن، پەراوێز خستن، سەرکوت و بەگشتی لێکدانەوە و ڕوانینی ئەمنیەتیی ڕێژیم بەرەوڕوو بووە.

سەرەڕای ئەم ڕاستییە و هەوڵی لەمێژینەی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ خۆگێل کردن و فریودانی خەڵك لەم بوارەدا، هێندێك جار دەبینین هێز و ڕەوایی گوتاری مافخوازانەی نەتەوایەتیی کورد و ئەو گوشارەی کە لە نێوخۆ و دەرەوەدا بەرپرسانی باڵای ڕێژیمی تەنگەتاو کردووە، ناچاریان دەکات وا نیشان بدەن کە لە خەمی چارەسەری کێشەکاندان و هەستیان بە هەڵەبوونی سیاسەتەکانیان لەو پەیوەندییەدا کردووە.

هێنانە ئارای باسی مافە پێشێلکراوەکانی گەلانی ستەملێکراوی ئێران لە هێندێك قۆناغی تەمەنی ڕێژیم و لە ئاستی جیاوازدا لە لایەکەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە خۆی بە هێزێکی باڵادەست و بێ‌ڕکابەری ناوچەیی دەزانێ و دەیەوێ وا نیشان بدات کە لە نێوخۆدا لانیکەم لە ڕوانگەی سیاسییەوە بە سەر دوورگەیەکی ئارام و سەقامگیری سیاسیدا فەرمانڕەوایی دەکات، ناتوانێ لە هێزی پەنگخواردووی نارەزایەتیی نەتەوەکان و بە تایبەتی ڕێکخستنی سیاسیی پرشنگداری کورد وەکوو داینەمۆی پرسی نەتەوایەتی لە ئێران چاوپۆشی بکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئامانجی ڕێژیم لەو هێنانە بەرباسە، نەك دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی و حقوقی، بەڵکوو تاقیکردنەوەی ڕێوشوێنی ئەمنییەتی و سەربازیی کاراتر بۆ پێشگرتن لە گەشەی زیاتری گوتاری شوناسخوازیی نەتەوە ژێردەستەکانە.

گومان لەوەدا نیە کە کۆماری ئیسلامی هەرگیز خاوەنی ڕوانینێکی سیاسی و حقووقی بۆ پرسی نەتەوایەتی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا نەبووە و هەموو مافە شارۆمەندییەکانی نێو یاسای بنەڕەتیی ئەو ڕێژیمەش لە ژێر سێبەری هێژمونییەکی ئەمنیەتی و گرێدراو بە مەرجی خنکێنەری ئەمنیەتەوەن کە مەبەست لەوەش، نەك ئەمنییەتی تاك یان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بەڵکوو ئەمنیەتی ئۆلیگارشیی دەسەڵاتدار و پاراستنی باڵادەستیی دەزگای سەرکوت بە سەر وڵات و هاووڵاتیاندایە.

لە ڕەوتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی جۆەزەردانی ئەمساڵدا حەسەن ڕووحانی، رووخساری ئەمنیەتیی ناسراوی ڕێژیم بە فرتوفێڵێکی پۆپۆلیستی و بە دەربڕینی هیندێك ڕستەی وەك "من یاساناسم نەك سەرهەنگ"، پێشینەی ١٦ ساڵ بەرپرسایەتیی خۆی لە باڵاترین ئۆرگانی ئەمنیەتیی ڕێژیم لە قۆناغێکدا کە تێرۆر و کوشتوبڕ و خەفەقان لە نێوخۆ و دەرەوەدا سیاسەتی سەرەکیی ڕێژیم بوو، شاردەوە و یەکشەوە لە سەرهەنگەوە بوو بە "حقوقدان". ڕووحانی بەڵێنی بە گەلانی ستەملێکراو دا کە ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ سەر ناوچەکانیان کۆتایی پێ بێت، بەڵام ڕوونی نەکردەوە کە لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەیدا کە بەرپرسایەتیی باڵای لەو جۆرە ڕوانینەدا هەبووە، چ هەنگاوێکی بۆ ئاشتبوونەوە هەڵگرتووە و ئەگەر هەنگاوی هەڵنەگرتووە، ئێستا لە بەر چی دەیهەوێ کۆتایی بەو شێوە ڕوانینە بێنێ؟ ئایا دەیهەوێ ئەمنیەت بۆ کوردستان و بەلووچستان و تورکەمەنستان و... بگەڕێنێتەوە، یان بۆ کۆماری ئیسلامی کە ئەمنیەت و مانەوەی لە مەترسیدایە؟ ڕووحانی هەرگیز نەیشاردەوە کە ئەمنیەتی ڕێژیم، ئامانجی سەرەکیی ئەوە، نەك ئەمنیەتی خەڵك، هەر بۆیە دواتریش و لە کاتی دیاریکردنی عەلی یوونسی وەکوو بەردەستی خۆی لەمەڕ پرسی نەتەوەکاندا بە ڕوونی دەرکەوت کە مەبەستی ئەو لە چارەسەر، چارەسەری ئەمنیەتی و بە شێوەی باوەڕپێکراوی خۆیانە، نەك شێوەی سیاسی و حقووقی.

عەلی یوونسی ٨ ساڵ لە سەردەمی دەوڵەتی خاتەمیدا وەزیری ئیتلاعات بووە و لەو ماوەیەشدا زۆر بابەتی وەك ٣ی ڕەشەمەی سنە، ڕووداوەکانی هاوینی ١٣٨٤ی کوردستان، سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی گەلی عەرەبی ئەهواز، سەرکوتی گەلی تورکی ئازەربایجانی لە پەیوەندی لەگەڵ سووکایەتیی ڕۆژنامەی "ایران"ی ئۆرگانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە گەلی تورك هاتنە ئاراوە. لە کاتی هەمووی ئەم سەرکوتانەدا دژ بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، ڕووحانی و یوونسی دوو کەسایەتیی شوێندانەر لە دارشتنی سیاسەتی سەرکوت و میلیتاریزەکردنی ئەو ناوچانەدا بوون و تەنانەت یەك ڕستەش لەوان نەگێڕاوەتەوە کە نیشان بدات ئەوان لە ئۆرگانەکانیاندا دژی سەرکوتەکان هەڵوێستیان بووبێت.

ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکاندا لە باسی مافەکانی "اقوام"ەوە، دەستی پێکرد، هەڵوێستێك کە شوێنکەوتووانی ئیسلاحخوازیی حکوومەتیی لە ناوچەکانی نەتەوە ژێردەستەکاندا وە جووڵە خست و کەواسوورەکانی پێش لەشکری ڕووحانی، بەر لەوەی عالیجەنابی وەنەوشەیی‌پۆش لە تاران بکەوێتە ڕێ، فەرشە سوورەکانیان بە ناوی گەلی کورد و تورك و عەرەب و... بۆ ڕاخست و تیمی ڕووحانی. ڕەفسەنجانی لە نیوەشەوێکی سیاسەتی لێڵی ئیسلاحخوازیدا کراسی پاڵەوانانی چارەسەری پرسی نەتەوایەتییان بە بەردا کرا، بەبێ ئەوەی کە خۆیان ئاگایان لێ بێت و بەبێ ئەوەی بەخەیاڵیاندا هاتبێت کە تا ئەو ڕادەیە بۆ چارەسەری وەها پرسێك بێنە پێشەوە. بە پێی وەهم و تێگەیشتنی کەواسوورەکان بڕیار بوو یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار (کە دەبێ یەکێك لەوان بێت) بکرێتە بەرپرسی دۆسیەی "ئەقوام"، بەڵام عالیجەنابی وەنەوشەیی پۆستەکەی تا ئاستی بەردەستێکی خۆی دابەزاند، لە جیاتی ئەقوامیش ناوی "کەمینە قەومی و مەزهەبییەکان"ی لە سەر دانا. لەوانەش بەدەر، هیچ حیسابێکی بۆ کەواسوورەکان نەکرد و وەنەوشەییەکی تۆخی مەیلەوڕەشی کردە بەرپرسی ئەو دۆسیەیە.

یوونسی لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئارمان" دەڵێ: "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نابێت کەسێك بە هۆی کورد، تورك، بەلووچ، عەرەب، یەهوودی یا مەسیحی بوونیەوە لە مافە یاساییەکانی خۆی بێبەش بکرێت، بەڵام لە کردەوەدا ڕەنگە هاوڵاتیانی کەمینەی کورد یان بەلووچی ئێمە هەستیان وا نەبێت".

لێرەدا دەبێ بڵێین، سەرەتا کێشە لە خودی مافە یاساییەکاندایە، یاسایەك کە مافی ئەوە بە هاوڵاتییەکی کورد یان بەلووچ یان کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان نادات پۆستە باڵاکان و تەنانەت پۆستە پلە نزمە ئەمنیەتی، قەزایی و سیاسییەکان وەربگرێت، بۆ خۆی سەرچاوەی هەڵاواردنە، کەواتە کێشە ئەوە نیە کە ئەمانە لە یاسادا مافێکیان هەیە و لێی بێبەش کراون.

دواتریش بە باوەڕی یوونسی، هەڵاواردن دژ بەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییانە، نەك ڕاستییەکی کۆمەڵگا، بەڵکوو هەستێکی سەرچاوەگرتوو لە زەینی هەندێك هاوڵاتییە (کە لەوانەیە ڕاست بێت یان نەبێت)، بۆیە دەڵێ ڕەنگە هاوڵاتیی کورد یان بەلووچی ئێمە وا هەست پێ بکەن.

کەوابوو لە ڕوانگەی ئاغای یوونسییەوە، کێشەیەکی یاسایی و سیستماتیك بوونی نیە کە پێویست بە چارەسەر بکات، واتە کێشە لە هەست و زەینی ئێمەی کورد یان تورك و جوولەکەدایە، نەك لە یاسا و ڕێسا و سیاسەت و ئیستراتژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەرهەق بەم پێکهاتە ستەملێکراوانە.

ئەو دەڵێ هاوڵاتیی یەهوودی بۆی هەیە لە پۆستە سیاسییەکاندا وەکوو هەمووان بەشدار بێت. گەلۆ یوونسی نازانێت کە یەهوودی، بەهایی، مەسیحی، زەردەشتی، سێکۆلار، سوننی، ژن، سۆفیی گونابادی، ئاتەئیست و تەنانەت شیعەی ناباوەڕمەند بە ویلایەتی فەقیهیش بۆیان نیە ببنە ڕێبەر، سەرۆك کۆمار، فەرماندەی هێزە سەربازی و ئەمنیەتیەکان، دادوەر، وەزیر و ...؟

بە دڵنیاییەوە هەم یوونسی لەم ڕاستییانە تێ‌دەگات و هەم ڕووحانی دەزانێ کیێ بۆ چ پۆستێك دیاری کردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە تەزووی چارەسەرەکانی ڕووحانی چ کاتێك لەشی کەواسوورەکانی بەر لەشکر دەگرێتەوە.

# ورمێ و بەریانە شۆڤینیستییەکانی چەن تاقمێك

کەیهان یووسفی

هێندێجار دەبێ هەلومەرجێك بێتە ئاراوە تاکوو شوناسی واقیعی هێندێك ڕەوت و کەسەکان دەرکەوێت یان بە وتەیەکی دیکە ڕووخساری واقێعیی خۆیان بخەنە ڕوو. هەلومەرجێك کە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ ڕاستییەکان و وەلەرزە کەوتنی ئەستوونەکانی کۆشکێك کە لەسەر بنەمای تەوەهۆماتی خۆیان بنیاتیان ناوە.

بەم چەشنەیە کە ئەوان چییەتیی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن و دیسانەوە دەیخەنەوە بیرمان کە بێچووە گورگ چارەیەکی نیە جگە لە گورگ بوون.

ورمێ وەکوو یەکێك لە شارەکانی کوردستان لە مێژە شوێنی پێکەوەژیانی خەڵکانێکی هەمەڕەنگ و بە ئایینگەلی جۆراوجۆر بووە. لەگەڵ کوردەکانی ئەم شارە، ئازەرییەکان، ئاسووری، ئەرمەنی، جوولەکە و پێڕەوانی ئایینی یاری و ... پێکەوە دەژین. بۆ کەس شاراوە نییە کە ورمێ هەر لە کۆنەوە شوێنی ژیانی کوردەکان بووە، ئەو کوردانەی کە دیرۆکی بوونیان لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و فەلاتی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوپێش و بە چەشنێك دەکرێت ئیددیعا بکەین کە خۆجێیترین خەڵکانی ئەم ناوچەیە بێگومان هەر کوردەکانن.

خەڵکانێك لە ڕەگەزی شاخ کە باهۆزی ژینوساید و شەپۆلی خوێن نەیتوانیوە لە ناویان بەرێت. مێژوو و لاپەڕە ڕاستەقینەکانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کوردەکان نە خەڵکانێکی شەڕخواز بوون و نە نەتەوەیەکی هێرش بەر، لە هەمانحاڵێشدا لە بەرگری لە وڵات و کەرامەتی مرۆڤایەتی خۆیان، شەرڤانانێکی بەناوبانگ و لە بەرگری لە کیانی خۆیان وێردی سەر زاری هەمووان بوون و هەردەم خوێنی خۆیان پێشکەشی پاراستنی نەتەوە و خاکی خۆیان کردووە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا شەپۆلێك هێرشی ڕاگەیاندنی کرایە سەر کوردەکانی ورمێ. ئەم جارە نە لەلایەن شۆڤێنیزمی ناوەندگەراوە بەڵکو هێرشی ئەم جارە لەلایەن ڕەوتە پان تورکیستییەکانەوە بوو کە یان لە شوێنکەوتووەکانی مەکتەبی ئاخوندی خوێنمژ مەلا"حەسەنی" بوون یان پاوانخوازگەلێکی چڵکاوخۆری ئەم شوێن و ئەو شوێن. بیانوو، پۆستی پارێزگاری پارێزگای ورمێ و دەنگۆی دانانی یەکێك لە کوردەکان لە سەر ئەم پۆستە، کوردێك کە نە تەنیا نوێنەرایەتی مافی کوردەکان ناکات بەڵکوو کەسێکە بە ناسنامەی بەستراوەیی بە ڕەوتی ئوسوولگەرای حکوومەتی.

دەستەکانی پشتی پەردە دیسانەوە تۆوی دووبەرەکێ و ئاژاوەگێڕییان چاند و چەن ڕەشنووسێك شەوانە لە نێو شاری ورمێدا بڵاو کرایەوە. ڕەشنووسگەلێك کە وەبیرهێنەرەوەی فتوای جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئێران بوو.

نووسەرانی ئەم ڕەشنووسانە کە لە بەرانبەر وشکاندنی گۆلی ورمێ و بوونی ئەم گۆلە بە کانگەی خوێ بێ دەنگ و لاڵ بوون و حاشا لە دەربڕینی چەمکێك لەلایەن ئەوانەوە بە نێوی نارەزایەتی! بەڵام چ بوو کە هەنووکە خەنجەری بوێری خۆیان دژی نەتەوەی کورد بەرز کردۆتەوە؟ نەتەوەی کوردێك کە خۆی بێگومان گەورەترین قوربانیی دەستی جینایەتەکانی ڕێژیمی ناوەندگەران.

کوردەکان و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ورمێ و بەتایبەت ئازەریەکان، ساڵانێکە کە لەم شارەدا پێکەوە دەژین و کوردەکان هیچکات وەکوو دەستپێشخەر مافی ئەوانی دیکەیان پێشێڵ نەکردووە، بەڵام نووسەرانی ئەم ڕەشنووسانە بۆچی ورمێ بە کەرکووك و قەرەباغ دەشوبهێنن؟ بەتەواوەتی ڕوونە و دەکرێت ئەم پرسیارە لە دوو ڕوانگەوە وەڵام بدرێتەوە. یەکەم ئەوەیکە کە ئەم چەشنە تێڕوانینە هەر ئەو سیاسەتە کۆنەی "دووبەرکێ بنێوە و حکوومەت بکە"یە کە گوتاری ناوەندگەرا ساڵانێکە قازانجی لێ دەبات یان ئەوەیکە نووسەرانی ئەم ڕەشنووسە بە باشی خۆیان ناسیووە و بە باشترین شێواز فاشیزمی بیچمگرتوو لە زەینی خۆیان دەربڕیوە کە وەها بیرکردنەوە و تێڕوانینێك لە جیهانی ئەمڕۆدا نە جێی پەسەندە و نە دانیشتووانی ورمێ چ کورد و چ غەیرە کورد قەبووڵی دەکەن.



ڕێکەوتننامەی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٥، پارادایمێکە بۆ پێکەوە ژیانکردنی کوردەکان و ئازەرییەکان لە ورمێ و لە شارەکانی دیکەی کوردستان کە بێجگە لە کوردەکان خەڵکانێکی دیکەشی تێیدا دەژین. جگە لەمە، دەربڕینی هەرچەشنە بانگەشەیەکی پاوانخوازانە تەنیا دەتوانێت وەهمێك بێت کە زەینی خولقێنەر تەنیا لە جیهانی خەوندا هێمن بکاتەوە.

هەڵهێنانی هەر هەنگاوێك لە ڕاستای وەدیهاتنی مافەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێران و دێموکراتیزە کردنی حکوومەت، بێگومان پێویستی بە دیالۆگ و یەکتر قبووڵکردن و بە فەرمی ناسینی ئەوانی دیکەیە، بە پێچەوانەی ئەمە، هیچ ئیددیعایەك ناتوانێت ببێتە داواکارییەکی ڕەوا و بەرەنجامێکی پۆزێتڤی لێ بکەوێتەوە. ئاشتیی پۆزێتڤ بۆ نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران پێوەندییەکی دوولایەنەی لەگەڵ قبووڵکردنی یەکتر هەیە و ئەم قبووڵکردنە ناتوانێت بە لەبەرچاونەگرتنی لایەنی بەرانبەر وەدی بێت. بەم پێیە وەها هەڵسوکەوت و هەڵوێستگیرییەك تەنیا دەتوانێت ئاو بکاتە ئاسیاوی دەسەڵاتی ناوەندی و تەمەنی دەسەڵاتداریی گوتاری ناوەندگەرا درێژتر بکاتەوە.

# خۆڕاگریی بەندکراوی کورد و کوردی بەندکراو مێژووییە

چەکۆ ئەحمەدی

بۆ گەییشتن بە لووتکەی بەرزی مرۆیی و گەیشتن بە ویست و داخوازیی رەوا، گەلێك تێچووی دەخوازێ کە یەك لەوان دانی مەودایەکی تەمەنییە کە زۆرجار بە دانی خوێن و گیان بە ئاکام دەگات.

ئاوڕدانەوە لە مێژووی بەندکراوانی کورد بەدواداچوونێکی زۆری دەوێ کە لە دوو توێی وتارێکی رۆژنامەدا ناگونجێت، بەڵام ئەگەر بمانهەوێ هێما بە سیمبۆلێك کە پڕ بە واتای خۆی هەڵگری کەسایەتی سیمبۆل بێت بکەین، دەتوانین هێما بە پێشەوا قازی محەممەد بکەین کە سەلماندنی خۆڕاگری دەبێ تا لووتکە بێت و مێژوویەکی زێڕین بۆ خۆی خەباتەکەی تۆمار بکات.

بەرەوڕووبوونەوەی تاکی بەندکراوی سیاسی لەگەڵ مەترسییەکانی نێو بەندیخانە بەرهەمهێنەرەوەی ئاستی خۆڕاگریی تاکێکە کە هەڵگری بیروباوەڕێکی سیاسی و نەتەوەییە. ئەم خۆڕاگرییە زۆرجار دەبێتە هۆی بەختکردنی گیانیان، بەڵام ئاستی کاریگەری ئەم خۆڕاگرییە لە نێو کۆمەڵگادا هێندە زۆرە کە تەنانەت لە ئەگەری شەهید کرانیشیدا رێبازی تاکی بەندکراو رۆژ لە دوای رۆژ پڕ رێبوارتر خۆ دەنوێنێ و وزەی زۆرتر بە بیرۆکەی رزگاریدەریی نەتەوەیی دەبەخشێت. لە بەرانبەریشدا، ئەم خۆڕاگرییە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی خۆبەدۆڕاو زانینی ئەو کەسانەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرەنگاری شۆڕشگێڕانی نێو بەندیخانەکان دەبنەوە. ئەوان (ئەشکەنجەدەران و کاربەدەستانی نێو بەندیخانە و ژوورە تاکە کەسییەکان) بە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ خۆڕاگریی ئەم مرۆڤە بەرزانە و بێ توانا بوونیان لە بەزاندنی سنووری خۆڕاگریی سیمبۆلەکانی کۆمەڵگا، بە شێوازێك وریان دەڕووخێ کە هێندێ جار دەبێتە هۆی روو وەرگەڕاندنیان لەو سیستمە داپڵۆسێنەرە کە تێیدا کار دەکەن، یان ئەگەریش ئەمە روونەدات بڕوا دەکەن بەوەی کە ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی ناتوانێت هزری تاکێکی سوور لە سەر رێبازێکی پیرۆز بسڕێتەوە، ئەمەش بەرهەمهێنەرەوەی وزەی زۆرترە بۆ درێژەپێدانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد.

هەر لە سەردەمی دەسەڵاتداریی حکوومەتی پاشایەتییەوە تا دەگاتە سیستمی کۆماری ئیسلامی، سەرکوت و زەبروزەنگی حکوومەتی، دژی جیابیران و چالاکانی سیاسی بەتایبەت کورد درێژەی هەبووە و نامرۆڤانەترین شێوازی سەرکوتیان بەکارهێناوە. ئاستی ئەم دڕندەییە لە سەرەتای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاخوندەکانەوە تا بەرزترین ئاست بەرز بووەوە و پشکی کورد لەو پرسەدا بەردەوام لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران زۆرتر بووە و چەوساندنەوەی لەو چەشنە زۆرتر بە سەریدا سەپاوە. رێژیم هەموو هەوڵەکانی وەگەڕ خستووە تاکو گۆڕەپانی خەبات بە کورد چۆڵ بکات، بەڵام زۆر روون و ئاشکرایە کە تاکی کورد لەو بەربەرەکانێیەدا هەردەم خۆڕاگر و سەربەرزانە هاتوەتەدەر و هەموو هەوڵەکانی رێژیمی پووچەڵ کردووەتەوە.

لە ماوەی نزیك بە ٣٥ ساڵ تەمەنی ئەم رێژیمە دیکتاتۆرە، گەلێك شێوازی حکوومەتداری نەرم و زبر لە ئێراندا پەیڕەو کراوە و هەرجارە و بە ناو سیستمێکی حکوومەتی بەڕێوە چووە. جارێك توند ئاژۆەکان و جارێك بە ناو رێفۆرمخوزازان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە، بەڵام تەنانەت ئەگەریش گۆڕانێك لە شێوازی حکوومەتداریدا پێڕەو کرابێت، سیاسەتەکان بەرانبەر بە کورد نەگۆڕ و دوگم درێژەی هەبووە و هیچ چەشنە نەرمی نواندنێك لە گۆڕێدا نەبووە. ئەوەیش کە هێندێ لە کوردەکان دڵیان پێ خۆش بووە، تەنیا بە مەبەستی فریودان و بەلارێدابردنی چاوەدێرانی پرسەکانی ئێران بووە و هیچی دیکە.

پاش هاتنە سەرکاری رووحانی وەك سەرکۆمار و بەکارهێنانی ئامرازی گەمژاندن و خڵەتاندن، واتە زمانی نەرمتر لە ئەحمەدی نژاد، کۆمەڵێ بەڵێنی وەك پڕووپاگەندەی هەڵبژاردنی بەکار هێناوە، کە کۆمەڵێ کەس بە ناحەق پێ دڵخۆش بوون. بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە کورد و بەندکراوانی کوردەوە بووە، وەك پێشتر مایەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. پێش لە رۆیشتنی رووحانی بۆ دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ خڵەتاندنی بیروڕای گشتی، کۆمەڵێك لە بەنکراوانی ئێرانیان ئازاد کرد کە پانتایی ئەو ئازادکردنانە لە ناوەند تێپەڕ نەبوو و تەنانەت یەك کەسیش لە نەتەوەکانی ئێرانی بە تایبەت کورد، کە رێژەیەکی بەرچاو بەندکراوی سیاسیی هەیە، ئازاد نەکرا و بە پێی دەنگۆی ئەم دوایانە کە بڕیارە بەزەیی جێگری خودا لەسەر زەوی (خامنەیی) ببێتە هۆی ئازادبوونی کۆمەڵێك لە بەندکراوەکان، چاوەڕێ ئەو ناکرێت کە بەندکراوانی سیاسی کورد لە خۆ بگرێت، هەر وەك لە سەرەتای تەمەنی ئەم رێژیمەوە کەمتر بەنکراوی کورد ئازاد کراون.

هەنووکە کۆمەڵێکی یەکجار زۆری کوردی سیاسی لە بەندبخانەکانی ئێراندا کە بەشێکی بەرچاویان سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە هەیە کە ناوی هێندێك لەو کەسانە بریتیە لە:
١_ شێرکۆ مەعارفی ٢_ مستەفا سەلیمی ٣_ رەشید ئاخکەندی ٤_ حەبیبوڵڵا لەتیفی ٥_ سمکۆ رەشیدی ٥_ سمکۆ نژاوی ٧_ ئیبراهیم عیساپوور ٨_ رزگار (حەبیب) ئەفشاری ٩_ عەلی ئەفشاری ١٠_ حەبیبوڵڵا گوڵپەرییپوور ١١_ زانیار موڕادی ١٢_ لوقمان مورادی ١٣_ هوشەنگ رەزایی ١٤_ رەزا ئیسماعیلی ١٥_ بێهرووز ئاڵخانی ١٦_ سەید سامی حسێنی ١٧_ سەید جەماڵ محەممەدی ١٨_ بەختیار میعماری ١٩_ مەنسوور ئاروەند ٢٠ _ سامان نەسیم.

بەڵام جگە لەم کەسانەی هێمایان پێکرا، کۆمەڵێکی زۆریشیان لە حاڵی تێپەراندنی سزا سەپێندراوەکانیانن یا چاوەڕێی بڕیاری نامرۆڤانەی دادگاکانی رێژیمن کە دەکرێ هێما بە ناوی کەسانێکی وەك محەممەد سدیق کەبوودوەند، عەدنان حەسەنپوور، والی دروودی و دەیان کەسی دیکە بکرێ.

بە کورتی و لە کۆتایدا، دەکرێ لەو بڕوایەدا بین کە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی روونادات، چوونکە ئەوە یاسای بنەڕەتیی رێژیمە کە لە بنەڕەتەوە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت مافی نەتەوەکان پێشێل دەکات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هاڵاوردن و چەوسێنەرییانەی رێژیم، دیسان نەتەوەی کورد و تاکەکانی سوورتر لە رابردوو لە سەر گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێداگری و خۆڕاگری دەکەن، چ لە بەندیخانە و چ بەندیخانەیەکی مەزنتر بە ناوی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

# ئێران، سووریە و کۆنفرانسی ژنێڤی ٢

و: موعتەسەم نوورانی

پێوەندییەکانی ئێران و سووریە دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەڕی ئێران و عێراق، بەتایبەت لەکاتی شەڕدا وەك دوو هاوپەیمانی ئیستراتیژیك هاوکارییەکانیان بەردەوام بوو. بەرە بەرە ئەم پێوەندییانە لەم ساڵانەی دواییدا گەیشتە لوتکە. پێکهێنانی بەرەی خۆڕاگری لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و سووریە و حیزبوڵڵای لوبنان و پشتیوانیی راستەوخۆی ئێران لە سووریە و حیزبوڵڵا بەشێك لەو ئیستراتیژیکەیە کە ئێران بۆ درێژە پێدان و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دژی ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوا و ئیسرائیل کەڵکی لێ وەردەگرێ. بەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و شەڕی ناوخۆی سووریە، ئێران بە راشکاوی هەڵوێستی خۆی روون کردۆتەوە و بەرگریی لە رێژیمی بەشار ئەسەد کردووە و نەیارانی رێژیمی ئەسەدی بە تێرۆریست لە قەڵەم داوە و لە رێگای حیزبوڵڵاوە چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕی ناردۆتە سووریە و هەڵوێستی لەو بارەوە روون و ئاشکرایە.

بەڵام دوای هەڵبژاردنی حەسەن رووحانی بە سەرۆك کۆماری ئێران، زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە رووحانی دەتوانێ هەم لە سیاسەتی دەرەوە و هەم لە ناوخۆی ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەرچاو پێك بێنێ، بەڵام حەسەن رووحانی دوو کۆسپی سەرەکیی لە سەر رێگایە. یەکەمیان دەسەڵاتی بێ ئەملاولای رێبەری ئێران، سەید عەلی خامنەیی و ئەوەی دیکەش دەسەڵاتی سپای پاسداران کە ئاستەمە بتوانێ باڵانس لە نێوان خۆی و ئەو دوو دەسەڵاتە رابگرێ و کارەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ، چونکە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، دەوڵەتێکی تایبەتی لە ناو دەوڵەتی ئێراندا پێکهێناوە. رێکخراوەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە و بەسەر شادەماری ئابووریی ئێراندا زاڵە. لەوەش گرینگتر لقی دەرەوەی سپای پاسدارانە کە بە سپای قودس ناسراوە وەك کۆلۆنی و ژێر چەپۆکەی ئێران دەڕوانێتە عێراق، لوبنان و سووریە و بە تەواوی خۆی خزاندۆتە ناو ئەو وڵاتانە و دەست لە کاروباری ئەو وڵاتانە وەردەدا. بەو چەشنە لە ناوچەدا ئێران هێندێك بەرگەی بەدەستەوەیە کە لە بەرانبەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

تەنانەت رێبەریش دوای وتووێژی تەلەفوونیی رووحانی و ئۆباما وەقسە هات و لەو بارەوە ناڕەزایەتیی دەربڕی بۆ ئەوەی نیشان بدا کە تەنیا ئەو دەتوانێ قسەی کۆتایی بکا و رووحانی هیچ کارە نییە. لەگەڵ ئەوەش رووحانیش بۆ خۆی لە بواری سیاسەتی ئێران لە کاروباری دەرەوە بەتایبەت لە بواری سووریەدا هەر ئەوە دەڵێ کە پێشتر وتوویانە و هەتا ئێستا شتێکی نوێی نەهێناوەتە گۆڕێ. لە لایەکی دیکەوە ناکرێ وا بە هاسانی چاوەڕوان بکرێ کە رووحانی بتوانێ سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران بگۆڕێ. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، ئەرێ لە بنەڕەتدا باوەڕی بە ئاڵوگۆڕ هەیە یا هەر قسەیەو دەیکا؟. گۆڕینی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران لە بارەی سووریە، عێراق و لوبنان و وڵاتانی کەنداوی فارس و یەمەنەوە هەر وا هاسان نییە. چونکە کومای ئیسلامیی ئێران ئەوە ٣٥ ساڵە کاریان لە سەر دەکا و لە رێگای حیزبوڵڵای لوبنانەوە بە تەواوی دەستی خستوتە ناو سووریە، درێژە بە کوشتاری خەڵکی زوڵم لێکراوی ئەو وڵاتە دەدا. ئۆپۆزسیۆنی سووریە، ئێران بە لایەنێکی شەڕی ناوخۆی سووریە دەزانێ. ئێران بە شێوەیەکی چالاك ناکۆکی قووڵ و بەربڵاو دەخاتە نێوان شیعە و سوننەی وڵاتانی ناوچە و بۆ لە بەریەك هەڵتەکاندنی ئەو وڵاتانە بە بەردەوامی بەرنامەڕێژی دەکا، کە ئەو سیاسەتە راستەوخۆ لە خزمەتی ئیسرائیلدایە.

شەڕی ناوخۆی سووریە گەیوەتە قۆناغێکی مەترسیدار. کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، دەبێ لە سەر دەستی ئێران کۆتایی پێ بێ. تەنانەت (قەرارە لە ماوەی ٣ حەوتووی دیکەدا کۆنفرانسی ژنێڤی ٢ بەڕێوە بچێ) دەڵێن ئەو کۆنفرانسە بێ بەشداریی کۆماری ئیسلامی ئاکامی نابێ و کۆماری ئیسلامی وەك یەکێك لە وڵاتانی گرینگی ناوچەکە دەتوانێ رۆڵ و دەوری بەرچاوی هەبێ. ئەوە ئێرانە دەتوانێ لە ناوچەدا کۆتایی بە خوێنڕێژی و کوشت و کوشتار بێنێ، کێشەی سووریە بێ هاوکاریی و پشتیوانیی ئێران جێبەجێ نابێ؟!

راستە کاربەدەستانی ئێران دەڵێن بوونی ئێران لە کۆنفرانسی ژنێڤی٢دا پێویستە، بەڵام ئامریکا دەڵێ ئێران بە مەرجێك دەتوانێ لە کۆنفرانسی ژنێڤی ٢دا بەشداری بکا کە ئاکامی کۆنفرانسی ژنێڤی ١ کە لە رۆژی ٣٠ ژووئەنی ٢٠١٢ بەڕێوەچوو قبوڵ بکا. کە ئەویش ئەوەیە کێشەی سووریە لە رێگای دیپلۆماسی حەل بکرێ، هەرچی زووتر دەوڵەتێکی نوێ پێك بێ کە ئەسەد لەو دەوڵەتە نوێیەدا بەشدار نەبێ. لە کاتێکدا ئێران هیچ دەوڵەتێك قبوڵ ناکا کە ئەسەد تێیدا نەبێ. ئەوەش لە کاتێکدایە کە خانمی ماری هارف وتەبێژی کۆشکی سپی وتی ئێران کاتێك دەتوانێ بەشدار بێ کە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەی ژنێڤی قبوڵ بێ. لە لایەکی دیکەوە نەیارانی بەشار ئەسەد بە مەرجێك بەشداری ئەو کۆنفرانسە دەبن کە بڕیاری لابردنی بەشار ئەسەد یەکێك لە خاڵەکانی بێ. بەم جۆرە روون نییە بەشدارانی ژنێڤی ٢ کێ دەبن و ئاکامی چ دەبێ.

www.economist.com

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ پاش دابەشکرانی خەڵاتەکانی نۆبێل، بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریە رایگەیاندووە: "حق وابوو خەڵاتی ئاشتی بدرێتە من".
بە خوا جوانە، ئەوەندە سەری گوریسیان بۆ شل کرد، ئەگەر لێی گەڕێن، هێزەکانی خۆی بۆ پاراستنی ئاشتی دەنێرێتە لۆکزامبۆرگ، جا پیاو حەق بڵێ، ئەوەی دنیای دەرەوە بەرانبەر بە ئەو کردوویە، تەنیا خەڵاتی نۆبێلی کەمە، ئەوەشی پێ بدەن با منەت نەکا بە سەرمانەوە.

ـ عیماد ئەفرووغ ، نوێنەری مەجلیسی رێژیم دەڵێ: "ئەگەر مەسڵەحەت وایە پاشەکشەیەك بکەین، با بە ناوی جامی هەنگوین دەرخواردی خەڵکی نەدەین و پێیان بڵێین ئەمە جامی ژەهرە".
جا مەگەر پیاو زۆر گەمژە بێت کە پێی وابێ ئەم "ناخۆم ناخۆم" و مل بادانەی خامنەیی و ئەحمەدی نژاد و پاسداران و ئەوانەی دیکە بۆ خواردنی پیاڵەیەك هەنگوین بووە.
نا کاکە گیان! ئەوە خۆتانن! خەڵك ئەزانن ئەوە بە زۆری دەست و پێ بەستن (گەمارۆکان) و گرتنی لووت و بەستنی چاوتان بە زۆر دەکرێ بە قوڕگتانا، نەك هەنگوێن، بەڵکوو قاوەش نیە، ژەهری مارە و هیچی دیکە.

ـ موفید کیایینژاد، ئەندامی دیکەی مەجلیس گوتوویە: "دنیای کوفر بەم ئاکامە گەیشتووە کە ئەگەر دەیانهەوێ پێش بکەون (وەك ئێران) دەبێ جیاکردنەوەی رەگەزی رەچاو بکەن".
ئەگەر دنیای کوفر هاتبێتە سەر قسەی ئێوە کە ئیدی یان ئەوان بە کوفر نەماوە، یان ئێوەش کوفرن، پاشانیش ئەگەر نەیانهەوێ پێش بکەون، ئێوە وازیان لێ دێنن؟ یان هەر بە زۆر دەتانەوێ پێشیان بخەن تاکوو بڵێن بۆ پێشەوە!!! بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست، بمرێ مۆدێڕنیتە!! بژی کۆنەپەرەستی!

ـ حاج مەنسووری ئەرزی، مەدداحی بە ناوبانگ وێڕای بە "پیرە کەمتیار" ناوزەد کردنی رەفسەنجانی داوای مەرگی بۆ کردووە و گوتوویە: دروشمی "مەرگ بەر ئامریکا" میراتی خودی ئیمام بووە.
جاران خەڵك ئەیانگوت "کۆسە"، بە تۆمەتی سووکایەتی بە پەیغەمبەر دەگیران، ئێستا بە کەمتیاری گەنجیش رانەوەستاون دەیکەنە بێ ددان. لەوانەیە سبەی دوو سبەی گیانلەبەرێکیش بۆ ئەحمەدینژاد بدۆزنەوە کە هەزار هێندەی مەیموون ناشیرین بێ.

# ئەوەی کە هەر ئێرانییەک دەبێ لەبارەی کوردستانەوە بیزانێت

ن: ناسر ئێرانپوور
و: کاردۆ

ئەوەی کوردستان دەری دەبڕێ بە زمانێکی ساکار و بە کورتی:

١) کوردستانی ئێران - لێرەدا مەبەست چوار پارێزگای کوردستان، ئیلام، کرماشان، ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە - بەتایبەت لە ماوەی ئەو نەوەد تا سەد ساڵەی ڕابردوو لەگەڵ بێبەشی و هاڵاواردنی زۆردا بەرەوڕوو بووە، ئەو خاڵانەی لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە دەرخەری بەشێك لەم بێبەشی و هاڵاواردنەن: یەك ـ بێبەش کردنی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان لە بەشێك لە مافەکانی شارۆمەندی و دابەزاندنیان بۆ پلەی دوو و سێی شارۆمەندی بە پاساوی ساویلکانەی ئایینی و هۆکاری سیاسی (بۆ تۆڵە سەندنەوەی ئەو خۆڕاگرییەی خەڵکی کوردستان کە بەرامبەر چەوساندنەوە و زوڵم هەیانە)، دوو ـ لێ ئەستاندنەوەی مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی ئەم ناوچانە لە گشتییەتی خۆیدا، سێ ـ لێ ئەستاندنەوەی مافی دەسەڵاتداریێتی ناوچەیی ئەوان لە چوارچێوەی ئێراندا، چوار ـ پێشگرتن لە بەشداریی چالاکانەی ئەوان لە دەسەڵاتی سیاسیی هەموو وڵات، پێنج ـ لێکدابرانی ئەوان و سەپاندنی دابەشکاریی وڵات بە شێوەی هاڵاواردنانە بە سەر ئەواندا لە سەر بنەمای پێکهێنانی ئاسانکاری بۆ دەزگا ئەمنییەتییەکان بۆ کۆنترۆڵی ئەوان، شەش ـ سەپاندنی هاڵاواردنی کولتوری بە سەر ئەواندا بە مەبەستی سڕینەوەی دەقە کولتورییەکان وەك زمان بە هۆی قەدەغەبوونی پەروەردە بە زمانی کوردی، حەوت ـ پێکهێنانی ئاگایانەی بێ دەرەتانیی ئاشکرا و شاراوەی ئابووری و پێشگرتنی ئامانجدار لە گەشە و بەرز بوونەوەی ئاستی بنەما ئابوورییەکانی کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە ئاکامی وەك پەرەسەندنی بواری کۆچبەریی کەسانی پسپۆڕ، هێزی کاری هەزاران بایی و سەرمایە بەرەو شارە ناوەندییەکانی ئێران، هەشت ـ میلیتاریزەکردنی کوردستان و سەرکوتی بێ بەزەییانەی داواکارییەکان و جووڵانەوەی یەکسانیخوازی، ئازادیخوازی و مەدەنییەکانی ئەم ناوچانە و بەڕێوەبردنی تاوانی مەزن بەرامبەر بە خەڵکی ئەم ناوچەیە بە بێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دادوەری بۆ بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانانە و زۆر کات بەرزبوونەوەی پلەی پیشەیی ئەم کەسانەشی بەدواوە بووە (وەکوو ئەوەی کە مەلا حەسەنی بە هۆی ئەو کوشتوبڕانەی بەرامبەر خەڵکی بێ تاوانی کوردستان بەڕێوەی برد و بۆ پلەی نوێنەرایەتیی ڕێبەر بەرزکرایەوە یان ئەحمەدی نژاد و وەزیرەکانی کە ساڵانێکی زۆر لە کوردستاندا بەڕێوەبەری جینایەت بوون، لە تیرۆر و سەرکوتی خەڵکدا ڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە و پاشتر بۆ ڕێزلێنان لەم "خزمەتانەی" بە ڕێژیمیان کرد، بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتداریی حکوومەتدا بوون)، نۆ ـ سووکایەتی پێکردنی سیستماتیکی خەڵکی ناوچە سوننە مەزهەبەکانی دیکەی وڵات وەك: بەلووچستان، تورکەمەن سەحرا و ... بە بەکارهێنانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و گوتار بێژانی ئایینی شیعە و دنەدانی ئەو بەشە نائاگا و ساویلکانەی کۆمەڵگا دژی ئەم خەڵکە بە هۆی مەزهەبەوە بە بێ سزادانی دنەدەران و داردەستەکانیان ( وەکوو ئەو خاڵە کە "ئاخووند دانشمند" کە لە کاتی ڕاوەستان لە مینبەردا بە توندترین شێواز سوننەکان بە تایبەت بەلووچەکان دەداتە بەر ڕەهێڵەی سووکایەتی پێکردن بە بێ ئەوەی بچووکترین لێپرسینەوەی لێ بکرێت، بەم حاڵەشەوە ئەم کەسە ئەندامی "بەیتی ڕێبەریی" خامەنەییە) و بە هۆی ناسیۆنالیستی (وەکوو ئەوەی کە لە لایەن هەندێك لە ئۆپۆزیسۆنی ڕێژیمەوە چەندین جار دژی دوو حیزبی کوردستانی ڕوویداوە) و دە ـ دوژمنایەتیی شاراوە و ئاشکرای حکوومەتە زاڵەکان بە سەر ئێراندا لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و هاوکاریی وڵاتانی پێوەندیدار بەو بەشانەوە بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتانە (وەکوو ئەوەی لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠دا لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی کوردستانی باشووردا ڕوویدا و ئەو کردەوانەی لە چەند ساڵی پێشوودا چەند جارێك دژی جووڵانەوەی کوردستانی باکوور ڕوویدا). ئەم ڕوانگە، نیشاندەری سیاسەتێکی گشتگیر و بنەماییتری دژایەتی کردنی کورد لە کولتوری سیاسیی دەسەڵاتدارانی ئێراندایە. بە کورتی: ئەو تەنگ پێهەڵچنین و خەسارانەی کە ڕووبەڕووی خەڵك و بە تایبەت توێژی زانا و هەڵکەوتە و چالاکان کراوەتەوە، ئەو پێکهاتە نادێموکراتیکە سیاسییەی وەك نەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد، یاسایی نەبوونی حیزبی سیاسی و دامەزراوەی سینفیی سەربەخۆ، یاسای نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و... هتد کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای ئێرانی لە مافە دێموکراتیکەکانیان بێبەش کردووە، ئەو هاڵاواردنە ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەی کە جمکی دووهەمی کۆماری ئیسلامییە و بەرۆکی ژنان و هەژارەکانی وڵاتەکەمانی گرتووە، کوردستانیش لە خۆ دەگرێت، بەڵام هیچکام لەو دە خاڵەی هێمای بۆ کرا لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێراندا ڕووینەداوە. کەواتە چۆنیەتی و چەندییەتی، هۆ و هاندەری زوڵم و زۆر بەسەر کوردستاندا لەگەڵ زوڵم و زۆر بەسەر ناوچەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازیی هەیە. بە کورتی: ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا، ئەو زوڵم و زۆرە نەتەوەییەی کە دژی کورد بەڕێوەیان بردووە، بە وێنەی وڵاتێکی داگیرکراو هەڵسوکەوتیان کردووە.




٢) ئەو بارودۆخەی کە پێشتر باس کرا بووەتە هۆی خۆئاگاییەکی گشتی و هەر بەو هۆیەشەوە جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە لە کوردستان سەری هەڵداوە، هەنووکە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵێك حیزبی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ. ستراتیژیی سەرەکی و ئاراستەی ئەم حیزبانە زاڵ بوون بە سەر دۆخی هەنووکەیی لە ڕێگای دامەزراندنی دیمۆکراسیی فیدراڵ و سێکۆلار لە ئێراندایە. ئەم شێوازە لە دەسەڵاتداری یەك_ جگە لە دابین بوونی مافی شارۆمەندی و جێگیربوونی دیمۆکراسی لە ئێران، دوو_ بووەتە هۆی خاڵێکی وەرچەرخان لە چڕ بوونەوە و ناوەندییەتیی سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری و کولتوریی ئێران کە لە ژێر تیشکی ئەوەدا ئەم چەوسێنەرییەی هەنووکە و ڕابردووی ئێران بیچمی گرتووە و ئامرازەکانی پێویست بۆ سەپاندنی هاڵاواردن لە ناوچەکانی دوور لە ناوەندی ئێرانی دابین کردووە، سێ_ ئەوانی لە دەسەڵاتداریی ناوچەیی خۆیان و چوار_ هەموو وڵاتدا بەشدار دەکات و پێنج ـ کۆتایی بە دەسەڵاتداریی ئایینی لە ئێراندا کە سەرچاوەی سەرەکیی هێندێ لە هاڵاواردنەکانە بەسەر پێڕەوانی ئایین و مەزهەبەکانی دیکە و پرسی نائایینی و هەڵبەت زۆر جیدی ژناندایە، دێنێت.

به کورتی: ئەمجۆرە دیمۆکراسییە هاوکات سێ لایەنی شارۆمەندی (بان نەتەوەیی، بان ڕەگەزی)، بان ناوچەی (دژە ناوەندی) و بان فەلسەفیی هەیە.

دەکرێ خواستەکانی ئەم جووڵانەوەیە_ کە دەکرێ بە زۆر هۆ کە خۆی نە وەك "قەومی" بەڵکوو بە "نەتەوەیی" و خەڵکی کوردستان نەك بە "قەوم" بەڵکوو بە "نەتەوە" دەزانێت، لە چوارچێوەی بنەمایەکی وەك "مافی چارەی خۆ نووسین"دا کورت بکرێتەوە. ئەم مافە دوو لایەنی نێوەکی و دەرەکیی هەیە، بەم واتایە کە دەکرێ هەم بە واتای بەدەستهێنانی مافی دەسەڵاتدارێتی نەتەوەیی_ جوگرافیایی لە چوارچێوەی ئێراندا بێت و هەم بە واتای هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی جیا لە ئێران بێت.

**ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا، ئەو زوڵم و زۆرە نەتەوەییەی کە دژی کورد بەڕێوەیان بردووە، بە وێنەی وڵاتێکی داگیرکراو هەڵسوکەوتیان کردووە**

بەڵام لایەنی نێوەکی و ئێرانییەکەی ئەم پرسە لای حیزبە سەرەکییەکانی کوردستاندا بەرجەستەیە، هەرچەند کە هەوڵ بۆ لایەنە دووهەم و دەرەکییەی بە دوور لە سەر گرتن دێتە ئەژمار، ڕەت ناکرێتەوە. بۆیە ئەو هێز و کەسانەی سوورن لە سەر دیمۆکراسی بە هەموو دواهاتەکانیەوە و دەست پێڕاگەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین لە ژێر تیشکی دیمۆکراسیدا مومکین بێت، نابێ لە جیابوونەوەی کوردستان (ئازەربایجان، بەلوجستان، تورکەمەن سەحرا و خوزستان) لە ئێران نیگەران بن و بترسن. دەبێ نیگەرانی ئەو هێزانە بن کە دەست دەدەنە سەرکوت یان بڕوایان بە سەرگرتنی لایەنی نێوەکیی مافی چارە خۆنووسین لە ئێراندا و لە ژێر تیشکی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا نیە. بڕیاری دەروونی و پووختەی هەڵکەوتەکانی کورد کە زۆر جار پێداگریی لە سەر کراوەتەوە، سەربەخۆیی و پێکهێنانی سنووری جوگرافیایی نوێ بۆ کوردستان نییە، بەڵکوو سڕینەوەی ئەو سنوورە مافییانەی نێوان کوردستان و ئێران و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵ، دێموکراتیك و سێکولارە لە ئێراندایە.

بەم هۆیە جۆری سیستمی فیدراڵی دێموکراتیك جێی پەسەندی حیزبە کوردستانییەکانە کە ئەوان لە سەر ئەو بڕوایەن کە سیستمێکی تەنانەت دێموکراتیکی زۆرینەگەرا و ناوەندیگەرا لە سەر بنەمای مافەکانی شارۆمەندی کە کێشە و گیر و گرفتی زۆر و بەتایبەت پڕایی و ناوەندێتی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و کولتوریی ئێستای ئێران پێکهاتووە، چارەسەر ناکات، ئەویش بەم هۆکارانەی خوارەوە: یەك- لای کەسانی شارەزا و زانا نارِوونە کە دیمۆکراسی زۆرینەگەرا و ناوەندیگەرا - بۆ نموونە لە شێوەی سیستمێکی تاك ئاستی و تاك پارلمانی و سەرکۆماری و نەك چەند ئاستی و چەند پارلەمانی- ئەویش لە وڵاتێکی چەند ئیتنیکیدا میکانیزمی گونجاو بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازییەکان و پێویستییەکانی (کەمینەکان) نیە (لێرەدا مەبەست کەمینە لە ڕووی ژمارەوە نیە بەڵکوو لە ڕووی مافەوەیە، چونکە هەموو نەتەوەکانی ئێران

**"ئاخووند دانشمند" کە لە کاتی ڕاوەستان لە مینبەردا بە توندترین شێواز سوننەکان بە تایبەت بەلووچەکان دەداتە بەر ڕەهێڵەی سووکایەتی پێکردن بە بێ ئەوەی بچووکترین لێپرسینەوەی لێ بکرێت، بەم حاڵەشەوە ئەم کەسە ئەندامی "بەیتی ڕێبەریی" خامەنەییە)**

لە رووی رێژەییەوە لە سەرانسەری ئێراندا کەمینەن بەڵام لە ناوچەی نیشتەجێی خۆیان زۆرینـەن). مرۆڤی پێشکەوتنخواز دەڵێ زاڵ بوون بە سەر نابەرابەریی چینایەتی، نـەتـەوەیی، ئیتنیکی، رەگـەزی و هتددا میکانیزم، پێکهاتە و ئامرازی یاسایی جیاواز و جۆراوجۆر دەخوازێ. بۆ وەڵامدانەوەی بە پێویستییەکانی دیمۆکراسیی راستەقینە لە وڵاتێکی لەم چەشنەدا، بۆ راکێشانی "کەمینەکان" بـەرەو کۆمەڵگای "زورینە" خـاوەن دەسـەڵاتـەکان و پێکهێنانی هانە و دڵبەستراوەیی و یەکگرتوویی لە نێویاندا، دەبێ هاوکات لەگەڵ پێدانی خودموختاریی نـاوچـەیـی بــەوان، لـە سیاسەتدانەریی کەڵانی وڵات و تەنانەت زۆرتر لە رێژەی ئەندامانی نەتەوەکەیان، بەشداریان بکەن، هەرجۆرە سەپاندنێکی ئیرادەی زۆرینەیی بە سەر ئەواندا و تەنانەت ئەگەر رواڵەتێکی دێموکراتیکیشی هەبێت، نەك تەنیا خۆی لە خۆیدا نادادپەروەرانە و نادێموکراتیکە، بەڵکوو بۆشاییەکانی نێوانیان زۆرتر دەکاتەوە و لە ئاکامدا ناتوانێ پێش بە لەپێش گرتنی ستراتیژیی بەدەستهێنانی سەربەخۆییخوازیی کـەمـیـنـەکـان بـگـرێـت. دوو- ئـێـران بە وێنەی وڵاتێکی بەرین لە رووی پانتایی جوگرافیایی، کولتورەکان و تاکەکانی سەر بە ئیتنیکی جیاواز پێکهاتووە. بەڕێوەبەریی هـەمـوو ئـەم نـاوچـەگـەلـە لـە ناوەندێکی بڕیاردانی دوورە دەستەوە و بە بێ بەشداریی ئەم ناوچە و نەتەوانە لە پرۆسەی بڕیاردان و بـەرێـوەبـەری- هـەر بـەو جـۆرەی رابردوو نیشانی داوە- بە بێ هەڵاواردن و ئاستەنگ و کێشمەکێش مومکین نیە و جیا لەمانەش نادێموکراتیکە. خۆ بواردن لە بەڕێوەبەری و کۆنترۆلی سیاسی لە دورەوە، روونکردنەوەی پروسەکانی بڕیاردانی کـەڵان و پێوەندیدار بە ناوچە دوورە دەستەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی و کارکردی کارگێڕییەکان هۆکارێکی دیکەن کە بە تەنیایی پرسێکی پێویستی دیکەن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی نـاوچـەیـی لـە چـوارچـێـوەی رێژیمێکی فـیـدراڵـدا. سێ- جگە لە فاکتە هێما بۆ کراوەکانی سـەرەوە، نابێ لەبیر بکرێت کە بـەکـارهـێـنـانـی شـویـنـیـزم و چەوسێنەریی نەتەوەیی و بەکۆمەڵ بە رێژەی جیاواز لە ناوچەی دیاریکراوی ئێران، بووەتە هۆی خودئاگاییەکی ناوچەیی نێو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگانە و هێنانە بەرباسی خواستی ئەم خەڵکە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین لە ناوچەی خۆیان و بەشدار بوون لە دەسەڵاتداریی وڵاتی خۆیان و ئەویش نەك تەنیا بەوێنەی شارۆمەندی ئێرانی، بەڵکوو بە شێوەی بەکۆمەڵ و لە شێوەی نوێنەرانی ناوچە یان ئەیالەتەکانی ئێران - بۆ وێنە لە لایەن سەناوە - بووە. خۆ گێل کردن لەم خودئاگایی و ئێرادە، تەنیا دەتوانێ ئاکامێکی بە پێچەوانەی بۆ هێشتنەوەی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ئێران هەبێت. هەر بەم پێیەش، هەڵکەوتەکانی کورد نەتەنیا بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك هەوڵ دەدەن، بەڵکوو شێوەیەکی دیاریکراو- واتا دیمۆکراسیی فیدراڵی- بۆ پیشنیار دەکەن.



به کورتی: پێداگری لە سەر دیمۆکراسی بـە بـێ فـیـدراڵـیـزم هـانـەیـەك لـە نێو هەڵکەوتەکانی ئەم ناوچانە پێك ناهێنێت. بە واتایەکی دیکە، لە روانگەی ئەوانەوە بە سەرنجدان بەو هوکارانەی سەرەوە کە باس کران، تەنیا ئاڵتێرناتیڤی دێموکراتیك بۆ ئێران فیدراڵیزمە.

٥. بـەڵام پرسیار ئـەمـەیە کـە بۆچی حیزبەکانی کوردستان لەسەر پێکهێنانی "یـەکـەیـەکـی نـەتـەوەیـی ـ جوگرافیایی" ئەیالەتی کوردستان لە سیستمێکی فیدراڵ (نـەك سیستمێکی فیدراڵی ئیداری یان پارێزگایی) پێداگری دەکـەن، هۆکاری جۆراوجۆری هەیە: یەك ـ بەگشتی یەکێك لە کێشەکانی جووڵانەوەی کورد ئەم دابەشکردنە جوگرافیاییەی وڵاتـە کە کورد بۆ خۆی هیچ رۆڵێکی تێیدا نەبووە و ئەمەش بووەتە هۆی هـەڵاواردن و کێشمەکێش و هەر بەم هۆیەشەوە یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکانی جـووڵانـەوەی نـەتـەوەیـی کـورد، گۆڕینی ئەم دابەشکارییە و دارشتنی بنەمایەکی نوێی ئـەو لـەسـەر بنەمای بەڕێوەبەریی دێموکراتیکی خەڵکی شارە پێوەندیدارەکانە. دوو ـ دامەزراندنی یەکەیەکی نەتەوەیی ـ سیاسیی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فـیـدراڵـدا بە جۆرێك پێشاندەری تیۆریی نیشتمانی نەتەوەیی کوردیشە. بە واتایەکی دیکە، نیشتمانی (کەسایەتی / خودئاگایی) نەتەوەیی لە رووی تیۆری و پراکتیکەوە بناغە و بنەمای رزگاریی نەتەوەیی کوردە. پێشڕەوانی کورد لە هەوڵی تیۆریزەی ئەم بناغە سیاسی ـ کولتووریە کە هەنووکە خۆیان لە چوارچێوەی حیزبی جیاواز و زمانی کوردیدا دەنوێنێ بۆ یەکەیەکی نەتەوەیی ـ دەوڵەتیدان. کورد بەم ئاکامە گەیشتووە کە بە بێ دەستپێڕاگەیشتن بە یەکەیەکی دەوڵەتی (نـاوچـەیـی یـان سـەربـەخۆ) لـەو ستەمە بەکۆمەڵەی کە لێی دەکرێ دەرباز نابێت، پێشکەوتنی پێکهاتەیی کوردستان مومکین نابێت و بەردەوام لە ژێر هەرەشەی سەربازی و کولتووریی دەوڵەت ـ نەتەوە باڵادەستەکاندا دەبـێـت. کـەواتـە پێکهێنانی حکوومەتی کوردی لایەنی بەرگریکارانە و پارێزەریی هەیە. لای هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران (بە رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵەیشەوە کە لە هەوڵی دەسەڵاتداریی خەڵکی کوردستاندایە و بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی تۆکمەی هەیە) لایەنی نەتەوەگەرایی و ئازادیدەری خـەبـات، سـەرەکـی و ئـاکـامـدەرە. کـورد لە رابـردوودا نەتەنیا بە وێنەی شارۆمەندی ئێرانی، بەڵکوو هـەروەهـا و بەتایبەت بە وێنەی کورد لە ژێر هەڵاواردن و چەوسانەوەدا بـووە. ئـەم چـەوسـانـەوە، چەوسانەوەیەکی بەکۆمەڵ بووە. بۆ گەیشتن بەو پێدانی مافە شارۆمەندییانەی کە پێویستە بەڵام بەس نییە، بەڵکوو جگە لەوانە، میکانیزم و کۆمەڵێك ئۆرگانی دەوڵەتیی پێویستە کە لە داهاتوودا پێشگیری لەم شێوە هەڵاواردنانە بکات و پارێزگاری لە شووناسی سیاسی، نەتەوەیی و کولتووریی هەمەکیی کورد بکات. سێ ـ یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی فیدراڵیزم زمان و کولتوور و پێدانی خودموختاری لەم بوارەدایە. بۆ زاڵبوون بە سەر ئاسمیلاسیۆنی کولتووری کە بە درێژایی چەند دەیە بە سـەر کـوردا بەڕێوە بـراوە، لەپێش گرتنی سیاسەتێکی کولتووری و زمانیی یەکگرتوو لە هەموو پانتای کوردستان (چوار پارێزگا) پێویستە. هەر جۆرێك بێت لە ئەیالەتەکانی (یان پارێزگا) کوردستان سیستمی پەروەردە و کـولـتـووریـی و کـارگـێـڕیـی و ... بە زمانی کـوردی دادەمـەزرێـت. بنەماکان و سیاسەتە پێوەندیدارەکان لە پارلمانێکی نێوان پارێزگایی دادەڕێژێ و پەسەند دەکرێ و لە لایـەن دەوڵەتێکی ئەیالەتییەوە بەڕێوە دەبرێت، بەتایبەت بە سەرنجدان بەم راستییە کە ئەم پارێزگا جێی مەبەستانە پانتایەکی جوگرافیایی زۆر و دانیشتوانی زۆری نیە کە نەکرێ یەکەیەکی سیاسی ـ جوگرافیایی لێ پێك بهێنرێت (لەوانەیە رێژەی دانیشتوانی هەموو پارێزگا کوردییەکان نەگاتە ئاستی دانیشتوانی تاران کە تەنیا شارێکە). چوار ـ لە پرسی فیدراڵیزمدا هاوسەنگیی هێزی نێوان دەوڵەتە ئەیالەتییەکان لە لایەکەوە و دەوڵەتی فیدراڵ لە لایەکی دیکەوە لە گۆڕێدایە. بەپێی ئەم باسە، پارێزگا بچووکەکان توانای خۆ قوتکردنەوە لە بەرامبەر حکوومەتی نـاوەنـدیـیـان نـابـێـت کـە ئـەمـە پێویستیی دیمۆکراسیی وڵاتـانـی چەند نەتەوەییە. جگـە لـەمـانـە، یـەکـێ لـە سەرچاوەکانی قەیرانی بەرباس، چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسییە. فیدرالیزمی بەڕێوەبەری (نەك سیاسی) کێشەی پڕایی و چڕبوونەوەی سیاسی چارەسەر ناکات. پێنج ـ بە هۆی ئەزموونی ئەرێنی و تاڵی لانیکەم سەد ساڵی رابردووی جووڵانەوەی کورد لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران، لە بیرۆکەی کـوردا جۆرێك گـومـان و بێ متمانەیی بنەڕەتی بەرامبەر بە حکوومەتەکان هەیە. تاکی هەڵکەوتووی کورد دەزانێت کە ئاستی راستبێژیی دەوڵەتی ئێران ـ چ پاشایەتی و چ ئاخوندی ـ. تەنانەت لەگەڵ رێژیمەکانی دیکەی سەرکوتکەری وەك تورکیە و عێراق و سووریە هەڵناسەنگێندرێ و متمانەی پێ ناکرێت. رێژیمە ناوەندییەکانی ئێران تا هەنووکە جگە لە هەڕەشە بۆ جووڵانەوەی کوردی هیچی پێ نەبووە. نێوەرۆکی ئەم پرسە، خوازیاری سیاسەتێکی یەکگرتووی کوردە ـ تەنانەت لە سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا .. چەندین دەیە پێویستە تاکوو ئەو زامانەی بە هۆی بڕواکردن بە دەسەڵاتدارانی "هـاوخـوێـن" و "هـاورەگـەز" لـە جەستە و رۆحـی نـەتـەوەی کـورد کـەوتـووە، سارێژ بێت. شـەش ـ لایـەنی تێچوویی سیستمی سیاسیش بایەخێکی زۆری هەیە. ئاشکرایە کە تێچوویی سیستمێکی سیاسی فیدراڵ بـە هەڵسەنگاندن لـەگـەڵ حکوومەتێکی دێموکراتیکی هاوشێوە زۆرترە. بە هەرحاڵ ئێمە لە وڵاتێکی وەك ئێراندا حکوومەتێکی فیدراڵی سەرانسەری بۆ نموونە شەش یان حەوت دەوڵەتی ناوچەیی خودموختارمان دەبـێ. هەرکام لـەم حکومەتانەش لە سێ دەزگـای بـەڕێـوەبـەری، یـاسـادانـەری و دادپەروەریی خۆی پێکدێت. سرووشتییە کە ئەگەر ئەم ژمارەیە ـ بۆ نموونە هاوتەریب لەگەڵ پارێزگا ئێستاییەکان ـ بۆ ٣١ خاڵ بەرز بێتەوە و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو دەزگا سێ جۆرەکییەی دەوڵەتی ناوەندیی فیدراڵ بگاتە ٣٢ دەوڵـەت، رێـژەی تێچووییەکان لانیکەم بۆ چوار قات بەرز دەبێتەوە. ئەمە نە ئاوەزمەندانەیە و نە لەگەڵ ئەو بانگەشەی سیستمی فیدراڵ یەك دەگرێتەوە. (ئاڵمان



به رێژەی ٨١ میلیۆنیی دانیشتوانەوە ١٦ ئەیالەتی هەیە و چەند ئەیالەتی تەنیا لە شارێك یان دوو شار پێکهاتووە، بۆیە بەردەوام باسی جیددی بۆ تێکەڵکردنی ئەو ئەیالەتە دراوسێگەلە لە گۆڕێدایە بۆ ئـەوەی کە تێچوونییەکان کەم بێتەوە بەڵام تا ئێستا بە پشتبەستن بە دەنگی خەڵك، دەستپێڕاگەیشتن بەم ئامانجە سەری نەگرتووە). حەوت ـ ئەم وێنایە کە بە دامەزراندنی سیستمی فیدراڵ پێکهاتەی هەنووکەیی دابەشبوونی ناوچەکان لێك دەپژێ و ئەمە دەبێتە سەرچاوە کێشەی دیکە، هێندەش واقێعی نیە. ئەم دابەشکارییە جوگرافیاییە تەنیا کاتێك پێویستە گۆڕانی بە سەردا بێت کە هەڵاواردن و تێکهەڵچوونی لێ کەوتبێتەوە یان لەگەڵ ویست و ئیرادەی خەڵکی شار و ناوچەی پێوەندیداردا یەك نەگرێتەوە. لە بیرمان نەچێت کە دابەشکاریی جوگرافیایی وڵات، هەرگیز تابۆ و نەگۆڕ نەبووە. لە سەرەتاوە ئێمە یەکەی "ئەیالەتی" و "ویلایەتیمان" هەبووە. بۆیە جگە لە پرسی فیدرالیزم، هەر حکوومەتێکی دێموکراتیك لە ئێراندا دەسەڵاتدار بێت لەگەڵ ئەم پرسەدا بەرەوڕوو دەبێتەوە و بێگومان لەم پێوەندییەدا بۆ پێکهێنانی نوێگەری لە دابەشکاریدا هـەنـگـاو دەنـێـت. ئێستا پرسیار لێرەدایە کـە: پێوەر و پێوانەی ئێمە بۆ پێکهێنانی ئەم نوێگەرییە چ دەبێت و گەلۆ پێبەندی پرنسیپە دێموکراتیکەکان دەبین؟ هەر بەو شێوەی کە لە سەردەمی "مەشرووتە"دا پرسی "ئەیالەت" لەگۆڕێدابوو، لە پرسی هەنووکەیی فیدراڵیزمیشدا تەنیا ئەیالەت نەکەوتووەتە بەرباس، بەڵکوو دەبێ لە نێو ئەم ئەیالەتانەدا کۆمەڵێك یەکەی کاریگەری ناوچەیمان هەبێت کە بە گۆڕانێکی بچووکەوە هەر ئەم پارێزگانەی ئێستا بێت. بۆ نموونە کوردستان لەو چوار ناوچەی کە لە سەرەتاوە هێمای بۆ کرا پێکدێت. هەرکام لە ئەیالەتەکان بۆ خۆیان دیاریی دەکـەن کە لەو چوارچێوەدا چەند یەکەی پارێزگاریی جێگیر دەبێت. بە بڕوای من لە ئەیالەتی کوردستاندا تەنیا ناوچە کوردییەکانی پارێزگای ئازەربایجان بە پارێزگاکانی کوردستان، ئیلام، کرماشان، و موکریان زیاد دەکرێ و ئەگەری زۆرە کە لەم ناوچەیەدا ئەمە تەنیا گۆڕانکاری بێت. هەشت_ فیدراڵیزم بە وێنەی هەموو سیستمە سیاسیەکانی دیکە، بە بێ دیمۆکراسی کێشە خوڵقێنە و ئەگەر بڕوایەکی راستەقینەمان بە دیمۆکراسی هەبێت، دەبێ دواهاتەکانیشی قبوڵ بکەین. گریمان سبەی "فیدراڵیزمی کارگێڕی"مان هەبێت و ئەم فیدراڵییە زیاتر لە فیدراڵیزمی کارگێڕی بێت و بەو جۆرەی کە راستگەراکانی ئۆپۆزیسیون دەڵێن ئەم سیستمە "حـکـومـەتـی ناوچەیی"یشی هـەبـێـت. گـەلـۆ دەکـرێ دژایەتییەکی لۆژیکی بۆ تێکەڵبوونی ئەم پارێزگاگەلە لەگەڵ یەکدی لەسەر بنەمای خواستی دانیشتوانەکەی بخرێتە بەر باس؟، ئەگەریش دژایەتیمان نەبێت بۆ نموونە لە پێوەندی لـەگـەڵ کـوردسـتـان لـە درێـژ یـان کورت ماوەدا ئاکامەکەی ئەمە دەبێ کە ئەم یەکە جوگرافیاییانە (بە هەر ناوێکی وەك پارێزگا، ئەیالەت، حکومەتی ناوچەیی و هەرێمییەوە بێت) لە چوار ناوچەی کوردی پێکدێت. بۆیە تەنها پشت بەستن بە دیمۆکراسی بەسە کە رێز لە هەندێ پێشڕەوانی سیاسی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەیالەتی نەتەوەیی _جوگرافیایی کوردستان لە چوارچێوەی حکومەتێکی فیدراڵی دێموکراتیکی ئێران بگیردرێت.

له کۆتاییدا، پێویستە هەموو ئەو کەسانە کـە دەیـانـەوێ کـورد و بـیـرۆکـەی کورد بناسن، نـەك بە پێداگرتنی دروشم ئاسا لەسەر ئێرانی بوونی کورد (کە زۆرتر وەك پاساوی دروستە کردەیی خراپتر لە گوناه دەچێت)، نەك پێداگری لە سەر یەکپارچەی خاکی ئێران (کە خۆی لە خۆیدا لە لایەن کوردستانەوە نەکەوتووەتە ژێر پرسیارەوە بۆیە دووپاتکردنەوەی ئەو ئازاردەر و ئاکامێکی پێچەوانەی هەیە) و نەك بەڵێنی دیمۆکراسی و مافی یەکسانی شارۆمەندی (کە لەلایەن پێشڕەوانی کورد وەك بەڵگەیەك و دەرباز بوون بۆ قبوڵکردنی پرسە سەرەکییەکە چاو لێدەکرێت)، بەڵکو بە بەڕێز زانین و بە فەرمی ناسینی هەوڵە مێژووییەکانی ئەم نەتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین و ملدان بۆ ئیرادەی ئەو بۆ لاچوونی ستەمی نەتەوەیی و قبوڵکردنی یەکەی نەتەوەیی- جوگرافیایی کوردستان لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لە ئێران بۆ پارێزگاری لەو بێت. مانەوەی یەکپارچەیی خاکی ئێران تەنیا لە ژێر تیشکی رێز گرتن لە مافی دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی کورد و لە ئێراندا دەلوێ نەك حاشا لێ کردن. دەبێ ئەمە لە مێشکی هەموو ئێرانییەکی بەرپرس و دێموکراتدا بیچم بگرێت کە دڵبەستن بە یەکپارچەیی ئێران، تەنیا لە پاراستنی دیمۆکراسی راستەقینەدا سەردەگرێ. هەر جۆرێك بێت، ئەوەی کە هەر ئێرانییەك دەبێ لە سەر کوردستان بزانێت ئەمەیە کە کورد بۆ سەروەریی کیانی نەتەوەیی خۆی، پێیان باشە کە لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات بکات و بە هیچ دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆنێکەوە ـ چ ناسیۆنالیست بێت و چ ئیسلامگرا- نەبەسترێتەوە، دەبێ کوردستان بەم ئیرادە و تایبەتمەندییانەوە بناسرێت و قبووڵ بکرێت و پوتانسییەلە خەباتگێڕییەکەی لە رێگای ئـازاد کـردن و دێموکراتیزە کردنی هەموو ئێراندا جێگر بکرێت.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 615 ▪ 22 Oct 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr




## رووخساریش پاش مردن دەبەخشرێت

یەکەمین نەشتەرگەری چاندنی رووخسار لە بێلژیك لەسەردەستی تیمێکی نەخۆشخانەی گاند لە باکووری رۆژئاوای ئەو وڵاتە ئەنجام درا و بەپێی راگەیەنراوی پزیشکی نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتووانە کۆتایی هاتووە.

لە ماوەی ٢٠ کاتژمێردا تیمەکەی پرۆفیسۆر فیلیپ بلۆندێل، دەموچاوی بەخشێنەرێکیان کە لە ماوەی رابردوودا کۆچی دوایی کردووە بۆ نەخۆشێکی بێلژیکی دانا کە دەموچاوی دووچاری شێوانی زۆر هاتبوو. ماڵباتی نەخۆشەکە و کەسە دەموچاو بەخشەکەش پێیان باش بوو ناسنامەی خۆیان ئاشکرا نەکەن.

پرۆفیسۆر بلۆندێل لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا دووپاتی کردەوە کە نەخۆشەکە دوای ٦ رۆژ لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە لە دۆخێکی زۆر باشدایە.

هەروەها وتی: ئەو کەمێك ئاوی خواردووەتەوە و قسەشی کردووە، ئەمە چاوەڕواننەکراو بوو، پێمان وابوو ئەو بە ماوەیەکی کەمی دوای نەشتەرگەرییەکە ناتوانێ وا بە ئاسانی قسە بکات.

نەشتەرگەرییەکە کە تیمێکی ٦٥ کەسی بەشدارییان تێدا کرد، بریتی بوو لە گۆڕینی تەواوی بەشی خوارەوەی دەموچاوی مرۆڤەکە.

بلۆندێل روونی کردەوە کیشەمان لە پێستدا هەبوو کە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی دەموچاو و سەرلێوەکاندا کورتی دەهێنا.

بەو نەشتەرگەرییە، ژمارەی نەشتەرگەرییەکانی چاندی رووخسار دەگاتە ١٩ نەشتەرگەری کە یەکەمین نەشتەرگەری کە بریتی بوو لە چاندنی نیوەی رووخسار ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ئیزابێل دینواری فەرەنسی ئەنجام درا.

بێلژیك سێیەم وڵاتی ئۆرووپاییە دوای فەرانسە و ئیسپانیا کە چاندنی دەموچاوی تێدا ئەنجام دەدرێت.

## ژەهری جاڵجاڵۆکە دەرمانە



گۆڤاری بلۆمبێرگ بزنیس ویکی هەفتانە دەڵێ کۆمپانیای جۆنسۆن ئاند جۆنسۆنی ئەمەریکی بە هاوکاریی زانکۆی کوینسلاندی ئۆسترالیایی پلان بۆ ئەوە دادەنێت لە ماوەی ساڵی داهاتوودا چارەسەر بۆ ئازارە درێژخایەنەکان بەرهەم بهێنێت بە پشت بەستن بە ژەهری جاڵجاڵۆکە.
زانراوە کە ژەهری جاڵجاڵۆکە مادەی ببتیدی تێدایە کە ئازار کەم دەکاتەوە و نایهێڵێت. تیمی کاری ئەم بوارە ماوەی ١٠ ساڵە توێژینەوە لەسەر ژەهری جاڵجاڵۆکە دەکەن.

ئازاری درێژخایەن ئەوکات سەرهەڵدەدات کە کۆئەندامی دەمار و مێشك ئاماژەی بوونی ئازاریان پێدەگات تەنانەت گەر ئازارەکە سەرچاوەشی نەبێت.

لە جیهاندا ١,٥ ملیار کەس بەدەست ئازاری درێژخایەنەوە دەناڵێنن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ساڵانە نزیکەی ٥٦٠ ملیار دۆلار لە تەندروستی و چارەسەرکردنی ئەو دۆخانەدا خەرج دەکات کە بەهۆی دابەزینی ئاستی توانای کەسەکانەوە هەست بەئازاری درێژخایەن دەکەن.

## هەردوو هەسارەی موشتەری و زوحەل بارانی ئەڵماسی بەسەردا باریوە

زانایانی پسپۆڕ ئاشکرایان کرد کە هەردوو هەسارەی موشتەری و زوحەل بارانێکی بەهێزی تێدا باریوە کە دڵۆپە بارانەکە پارچەی زۆر گەورەی ئەڵماس بووە و بەشێوەیەك رووی هەردوو هەسارەی داپۆشیوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەمەڕ ئەم دوو هەسارە لەبەردەستدایە کە دوو قەوارەی گازین، گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامە، هەر بەپێی ئەو زانیارییانە چڕیی ئەو دوو هەسارەیە زۆر زۆرە، بەشێوەیەك پلەی گەرمی نێوەویان زۆر بەرزە کە وا دەکات کانزای رەقی تێدا دروست بێت و دواتر لە ئاسمانەکەیانەوە ببارێت.

بەپێی بۆچوونی دوو زانای پسپۆر لە بواری فیزیکی گەردوونی، بە ناوەکانی کیڤین بینیس لە زانکۆی ویسکۆنسۆن مادیسۆن و مۆنا دێلێتسکی لە زانکۆی کالیفۆرنیا، بوونی چڕییەکی زۆر لەسەر هەردوو هەسارەکە رێخۆشکەرە ئۆقیانوسی ئەڵماس لەسەر رووی هەردوو هەسارەکە دروست بێت.



ئەو دوو زانایە هێمایان بۆ ئەوە کرد کە هەسارەی زوحەل بە پارچەی رەقی ئەڵماس داپۆشراوە بەڵام ئەم کانزایە بەشێوەیەکی شل لەسەر رووی موشتەری هەیە.

زاناکان لەم باوەڕەدا بوون تاکو ئەم دواییەش کە تەنیا هەر دوو هەسارەی ئۆرانووس و نیپتۆن بە پارچەی ئەڵماس داپۆشراون لەبەر ئەوەی پلەی گەرمی زۆر نزمە، ئەمەش یارمەتی دەدات ئەو کانزایە بە رەقی بمێنێتەوە.

## زایەڵە

**فاتێح ساڵحی**

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (ماددەی ٢)

حەسەن رووحانی کە بە دانی سەدان وادە و بەڵێنی بە خەڵکی ئێران و ١٠ بەڵێنی بە خەڵکی کوردستانی ئێران هاتە سەرکار، ئێستا بەرەبەرە هەم خۆی و هەم خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کورد بەو باوەڕە گەیشتوون کە وادە و بەڵێنییەکانی حەسەن رووحانی وەك بلقی سەر ئاو وابوون و تەنیا ئامرازێك بوون بۆ فریوی خەڵك. لە ژمارەی پێشوودا باسی یەکەمین وادەی حەسەن رووحانی بە خەڵکی کوردمان کرد کە لە راگەیەنراوە ١٠ ماددەییەکەیدا هاتبوو. لەم ژمارەدا باسی دووهەمین وادەی حەسەن رووحانی دەکەین کە بوو بە هۆی ئەوەیکە بەشێك لە بەناو ریفۆرمخوازانی کورد بیکەن بە شایی و هەڵپەڕکێ کە گوایە بە هاتنە سەرکاری رووحانی ئازارە هەمیشەییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا کۆتاییان پێ دێ و کەسایەتی راستەقینە بۆ تاکی کورد دەگەڕێتەوە.

**ماددەی ٢-** "بەشداریی گشتی، بەدەر لە زمان و ئایین لە بەڕێوەبەریی کەڵانی وڵاتدا و بەڕێوەبردنی ئەسڵی شایستەسالاری لە هەموو ئاستەکانی سیاسی . ئیداری بە شێوەیەك کە تەواوی شارۆمەندان و هاونیشتمانان لە هەلومەرجێکی یەکساندا دەرەتانی بەشداری و بەڕێوەبەری لە هەموو ئاستەکاندا تا بەئەندامبوون لە کابینەیان هەبێت."

ئەم وادە سەرەتاییەی حەسەن رووحانی کە مافی هەموو نەتەوەکان و شارۆمەندانی هەر وڵاتێکە، بوو بە هۆی ئەوەیکە بەشێك لە خەڵکی کورد و بەتایبەتی بەناو ریفۆرمخوازانی کورد شاگەشکە بن و پاش کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان، کەسانی متمانە پێکراوی خۆیان پێشنیار کەن بە حەسەن رووحانی بۆ ئەوەیکە لە بەڕێوەبەری کەڵانی وڵاتدا کەڵکیان لێ وەربگرێ و تەنانەت کەسێك وەك "دوکتور بیژەن زۆلفەقارنەسەب"یان پێشنیار کرد کە لە کابینەی حەسەن رووحانیدا پۆستی وەزارەتی وەرزش و لاوانی پێ بسپێرن. تەنانەت لە ئاستی ئۆستاندارییەکانیشدا چەند کەسێکیان وەك "حوسێن فیرووزی" و چەند کوردی دیکەیان دەسنیشان کرد تا وەك ئۆستاندار لە دەوڵەتی رووحانیدا رۆڵ بگێڕن و وادەکانی رووحانی لەم پێوەندییەدا بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
بەڵام هەروەك دیتمان نە تەنیا ناوی بیژەن زۆلفەقارنەسەب وەك پاڵێوراوی بەڕێوەبەری وەزارەتی وەرزش و لاوان نەچووە مەجلیسی شوورای ئیسلامی، بەڵکوو لە هەڵبژاردنی ئۆستاندارەکانیشدا کۆمەڵێك کێشە و ئاستەنگ بۆ بەربژارەکان هاتە سەر رێ تا حەسەن رووحانی لە بیری بباتەوە کە وادەی دابوو بەدەر لە هەر جیاوازییەکی زمانی و ئایینی و نەتەوەیی، هەموو نەتەوە و کەمایەتییە ئایینییەکانی ئێران لە بەڕێوەبەری وڵاتدا بەشدار بکات. چون حەسەن رووحانی باش دەیزانی کە بە بوونی کەسانی توندڕەو و باڵی ئۆسوولگەرا کە لە ئێراندا سەرچاوەی دەسەڵاتن و دەستیان بە سەر هەموو سروەت و سامانی وڵاتی ئێراندا گرتووە، جگە لە خۆیان و داروودەستەکەیان کەس ناتوانێ بەشدار بێ لە بەڕێوەبەریی کەڵانی ئێراندا.